Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-07

# دەزگاكانی پەروەردە، ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا
## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزی دکتۆرا)

**صنوبر سردار ستار[١]، هەردی مەهدی میكە[٢]**

١- مێژوو، پەروەردە، زانكۆی گەرمیان، خوێندكاری دكتۆرا لە زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان – عێراق
٢- مێژوو، زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **May, 2025** |
| Accepted | **June, 2025** |
| Published: | **July, 2025** |

**Keywords**

پەهلەویی دووەم، پەروەردە، ڕۆشنبیریی، ڕاگەیاندن

**Corresponding Author**

hardi.mika@univsul.edu.iq
snawber.sardar@garmian.edu.krd

**پوختە:**

لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا بە تایبەت لە ماوەی سالانی (١٩٦٣- ١٩٧٩)، ئێران پێشكەوتنی بەرچاوی لە بوارەكانی پەروەردە، ڕۆشنبیریی و چاپەمەنیدا بە خۆوە بینی، پیاوانی حكومەت و پلەدارەكان لە پێناو مۆدێرنكردنی كۆمەڵگاداچاكسازییان لە سیستەمی پەروەردە ئا كرد، پەرە بە بواری پەروەردە و فێركردن درا، بە تایبەت لەسەر ئاستی سەرەتایی و ناوەندیی هەوڵی زیاتر بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێندن ڕەخسا، بە تایبەت لە شارە گەورەكاندا، لەم ڕووەوە دامەزراندنی خوێندنگای نوێ و پەرەپێدانی زانكۆكان لە هەوڵەكانی حكومەت بوو، كە هاوكات بەشداربوون لە پرۆسەی بە پیشەسازییكردنی وڵات، هەروەها حكومەت پشتیوانی هونەر و كولتووری كرد و هەوڵی بەهێزكردنی هەستی ناسیۆنالیزمی دا، بە سازدانی ئاهەنگی نەتەوەیی و كولتووریی، سینەما، شانۆ و مۆسیقا بە شێوەیەكی بەرفراوانتر گەشەیان كرد و هونەرمەندانی ناسراو بە ئاشكرا بەرهەمەكانیان پێشكەشدەكرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا چاپەمەنیش گۆڕانكاری بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی، بڵاوكراوە و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر دامەزران و حكومەت یاسای توندی بۆ كۆنترۆڵكردن و ڕێنماییكردنیان سەپاند، هەرچەندە ڕۆژنامەگەریی خەریكی شیكردنەوەی پرسە كۆمەڵایەتیی و سیاسییەكان بوو، بەڵام سانسۆر و ڕێگریكردن لە ڕەخنەی جددی، بوو بە تایبەتمەندییەكی بەرچاوی ئەم قۆناغە، بە گشتیی هەرچەندە پێشكەوتن لە بواری پەروەردە و كولتووردا هەبوو، بەڵام سنووردارکردنی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی كاریگەریی لە سەر ئازادییەكانی تاك هەبوو. دواجار ئامانجی توێژەر خستنەڕووی ڕۆڵی دەزگا كولتوورییەكانی حكومەتی پەهلەویی دووەمە لە بواری پەروەردە، ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاند پشتەست بە ڕێبازی- وەسفی شیكاری.

## پێشەکی:

پەروردە، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە سەردەمی پەهلەوی دووەمدا، وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی شوناسی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا دەناسرێن، ئەم قۆناغە کە لەم توێژینەوەیە دا لە ساڵی ١٩٤١ تاوەکو ١٩٧٩ بەردەوام بوو، هەرچەند لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە جۆرێک لە سنوردارکردن هەبوو، بەڵام لە هەمانکاتدا پێشکەوتنی دیار ڕوویدا و پەروەردە، وەک یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی گەشەسەندن لەم ماوەیەدا، جگە لە دروستکردنی ژێرخانی نوێی پەروەردەیی، بایەخی بە فراوانکردن و باشترکردنی سیستەمی پەروەردەیی لە سەرتاسەری وڵاتدا، لەگەڵ دامەزراندنی خوێندنگە، زانکۆ و دامەزراوەی خوێندنی باڵا، ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی ئێرانیی خوێندنی باڵایان تەواو کرد. بەدەر لەمانە وەزارەت و دامەزراوەی پەروەردە و ڕۆشنبیری تایبەتیش دامەزران، وەک: ئەنجومەنی باڵای ڕۆشنبیری، وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر و کۆشکی لاوان، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە حکومەت بتوانێت سیاسەتە کولتوورییەکانی خۆی جێبەجی بکات، پاشان بە توندی جەختی لە پێشخستنی کولتوور و مۆدێرنیی ڕۆژئاواییەکان کردەوە و هەوڵیدا لە ڕێگەی دروستکردنی سینەما، شانۆ و دامەزراوەی کولتوورییەوە وێنەیەکی نوێی شوناسی ئێرانیی بخاتەڕوو، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ململانێ لە کۆمەڵگادا، بەو پێیەی توێژە پارێزگارەکان و نەریتییەکانی کۆمەڵگا دژایەتی ئەم گۆڕانکارییانەیان کرد.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، کە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی (دەزگاکانی پەروەردە، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە سەردەمی پەهلەوی دووەم)، گۆڕانکارییەکان لە بواری پەروەردە، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە سەردەمی پەهلەوی دووەمدا وەک پێکهاتەی سەرەکی لە شوناسی کۆمەڵگای مۆدێرنی ئێراندا گرنگییەکی زۆریان هەیە، ئەم قۆناغە نەک هەر یارمەتیدەر بوو بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی پەروەردەیی و کاریگەریی کولتووری مۆدێرن، بەڵکو پانتاییەکی بۆ ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و گۆڕینی کولتووریی دروستکرد، توانی بوارێکی باش بۆ ژنان و کچان بڕەخسێنێت، کە بتوانن شانبەشانی پیاوان لە کەرتە جیاوازەکاندا کار بکەن و ڕۆڵی کارا بگێڕن، هەروەها ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانیاری و گوتاری کۆمەڵایەتیی، لێکۆڵینەوە لەم بوارانە یارمەتیمان دەدات لە هۆکار و ڕەگ و ڕیشەی گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا تێبگەین و کاریگەرییەکانیان لەسەر پێشهاتەکانی داهاتوو بپشکنین.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشتبەست بە (میتۆدی وەسفی و مێژوویی)، سود وەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکان بە زمانی فارسیی، لەوانە کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ئەنجامدراوە، تێیدا باس لە سیاسەتەکانی حکومەتی پەهلەوی دووەم لە بوارەکانی پەروەدە، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کراوە و تیشک خراوەتە سەر دەزگا حکومییەکان لەو بوارانە دا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خستنەڕووی سیاسەتەکانی حکومەتی پەهلەوی دووەمە و جێبەجێکردنیانە لە بواریی پەروەردە، ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بەرنامە و کارەکانی حکومەت لەم بوارانە و دەرئەنجامی هەوڵەکانی بۆ گۆڕانکاریی لەم زەمینەیەدا.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** پێشەکی و دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، بەم شێوەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: پەروەردە و ڕۆشنبیریی ئەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە سەر دۆخی پەروەردەی ئێران لەسەردەمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم بوارە دا ئەنجام دراون لەگەڵ باسکردنی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی ناوبراو، لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەشدا، تیشک خراوەتە سەر بواری ڕاگەیاند لە سەردەمی پەهلەوی دووەم وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، سینەما و بڵاوکراوە.

## تەوەری یەکەم: پەروەردە و ڕۆشنبیریی

پەروەردە بریتییە لە کردەی زیادکردنی هەندێک فاکتەری دیاریکراو و تۆکمە، کە مەبەست لێی ڕێنماییکردنی ڕەفتاری مرۆڤە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو و ئەم ئامانجەش بەپێی جیاوازی فەلسەفە و تیۆرییەکانی پەروەردەکاران و ئەو بەهایانە دەگۆڕێت، کە هەر کۆمەڵگایەک قبوڵیان کردووە، هەروەک چۆن ئامانج و شێوازی پەروەردەکردن لە سیستەمێکی حکومەتی دیکتاتۆرییدا جیاوازە لە سیستەمێکی دیموکراسیی، هەربۆیە پەروەردە جۆری تایبەتی چالاکییەکانی خوێندنگایە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ منداڵان، گەنجان و هەرزەکارانی ژینگەکەیان(خانیان، ١٣٩٥: ١٦)، لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە شەعاری نەژاد خوێندنگا بە کۆمەڵێک مەرج و هۆکاری پێکهاتەیی دەزانێت، کە بۆ فێربوون و پەروەردەی فەرمی بوونیان هەیە، ئاستە جیاوازەکانی سەرەتایی، ناوەندیی، ئامادەیی و تەنانەت زانکۆش دەگرێتەوە(شعاری نژاد، ١٣٨٣: ٦١٢).

پسپۆڕانی پەروەردە پێیانوایە، کە بەردەوامی و مانەوەی هەر کۆمەڵگایەک پێویستی بەوەیە کۆمەڵە بیروباوەڕ و بەها، ڕەفتار، هەڵوێست و لێهاتوویەکانی بگوازرێتەوە بۆ نەوەی نوێ، زۆرێکیان پەروەردە بە هاوواتایەکی گشتیی بۆ کۆمەڵایەتیبوون دەزانن، واتە پەروەردە بە گشتیی پرۆسەیەکە، کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە بە گشتیی فێری ڕۆڵ و ڕێساکانی پەیوەندییەکان دەبن و کولتووریی کۆمەڵگاکەیان فێردەبن و بەتایبەتی پرۆسەیەکە کە لە ڕێگەیەوە تاکەکان بەرەو ڕووی زانینی سیستماتیک، کارامەیی، ڕەفتار و هەڵوێست لە دۆخە کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەکاندا دەبنەوە (خانیان، ١٣٩٥: ١٦)، بە بۆچوونی پراگماتیستەکان کۆمەڵگا بوونێکی گشتییە، ئەم بوونەش کۆمەڵێک بەش و توخم لە خۆدەگرێت، کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەربۆیە ئەگەر پەروەردە وەک توخمێک نەتوانێت پێداویستییەکانی کۆی گشتیی دابینبکات، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی قەیرانێک دەبێتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی ناڕازییان پەروەردە و فێرکردن بەردی بناغەیەک بوو، کە لەبەردەستی چینی دەسەڵاتداردا بوو، هەربۆیە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت و ئایدۆلۆژیایان بەرەوپێش دەبات (رکعتی، ١٤٠٠: ٣٣). تیۆریستی پەروەردەیی لویس ئاڵتۆسەریش[١]

پێی وایە، دامەزراوەی پەروەردە یەکێکە لە دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت و حکومەتەکان کە دەیخەنە ژێر کاریگەریی ئامانجەکانی خۆیان، ئەو پێیوایە حکومەتەکان لە ڕێگەی دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتەوە وەک سوپا، سیستمی بەرگری، خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان و پەروەردە، پرۆسەیەک لە قاڵب دەدەن کە مرۆڤەکان تێیدا خۆیان کۆنترۆڵ بکەن (آلتوسر، ١٣٨٦: ٣٧).

پەروەردە لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشا بە گشتیی دەکرێ بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بکرێت، قۆناغی یەکەم لە نێوان ساڵانی ١٩٤١ بۆ ١٩٥٣ بوو، کە بە هۆی بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەوە قۆناغی قەیران و کێشە جۆراوجۆرەکان بوو، هەربۆیە هیچ ڕێوشوێنێکی پەروەردەیی تایبەت نەگیرایە بەر. قۆناغی دووەم ساڵانی ١٩٥٣-١٩٦٢ بوو، کە بە هۆی ئاسایشی ڕێژەیی و سەقامگیریی دۆخی نوێی پەروەردە لە ئێران دامەزرا. دوا قۆناغ لە ساڵی ١٩٦٢ەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشا بوو، چاکسازی کۆمەڵایەتیی، کە بە شۆڕشی سپی ناسرا، هاتە ئاراوە؛ بنەمای شەشەمی ئەم شۆڕشە پەیوەندی بە شۆڕشی پەروەردەییەوە هەبوو (پهلوی، ١٣٤٦: ١٣٢- ١٣٤).

لە ساڵی ١٩٤٤ یاسای خوێندنی زۆرەملێ دەرچوو، کە دەبوو حکومەت خوێندنی سەرەتایی ناچاریی و گشتگیر لە ماوەی دە ساڵدا فراوانتر بکات (هریس و دادور، ١٣٩٤: ١٧٦)، لە برگەی دووەمی ئەم یاسایەدا بەمەبەستی کەمکردنەوەی ناوەندێتی و ڕەچاوکردنی جیاوازییە نەتەوەیی و ئاینیەکان؛ بەڵێن دراوە، کە دەق کتێبی خوێندن بە پێی مەرجەکانی وڵات دەگۆڕدرێت، بەڵام لە هەمان، کاتدا جەختی لەوە کردەوە کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەرپرسیار دەبێت لە نووسینی کتێبەکان و ڕەچاوکردنی بنەماکانی پەروەردە و پەروەردەکردنی ڕەوشتی و بەهێزکردنی هەستی ئاینیی منداڵان وە بەپێی ماددەی ٨ تا ١٥ی ئەم یاسایە حکومەت بەرپرسیارە لە ڕاهێنان و دامەزراندنی مامۆستایان و دابینکردنی سەرجەم خەرجیەکانی خوێندن لە خوێندنگا بنەڕەتییەکاندا، لە نێو دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی حکومەتدا پەروەردە هێندە گرنگ بوو، کە سەرەڕای بارودۆخی وڵات لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا و جەنگی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی وڵات، ناشەرعییەتی دەسەڵاتی پاشایەتی، گوتاری زاڵ لەسەر ئەم یاسایە جەختی لە ناوەندگەرایی کردەوە (خانیان، ١٣٩٥: ١٢٨؛ مجموعه قوانین موضوعه، ١٣٢٢: ٥٣).

خوێندنگاکان لەم سەردەمە دا لە ڕووی بودجەوە بەسەر دوو بەشدا دابەشبووبوو، خوێندنگا حکومییەکان کە لەلایەن حکومەتەوە بە پارەی گشتیی دامەزران و بەڕێوەدەبران، خوێندنگا ناحکومیەکانیش لەلایەن کەسانی خێرخواز و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بەگشتیی لە بەخشین و ئەوقاف و یارمەتی مانگانەی خوێندکارانەوە خەرجییەکانیان دابین دەکرا (صدیق، ١٣٣٨: ٤٥٤).

هەر لە پاڵ خوێندنگا حکومییەکاندا خوێندنگای کۆچەریش دامەزرا، چونکە خێڵە کۆچەرییەکان و نیمچە کۆچەرییەکان لە ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی سیستمی پەروەردە دا بەشێکی بەرچاویان لە دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنا (بهاروند، ١٣٦٠: ٢٥١)، بە هۆی تایبەتمەندییە کولتووریی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، زمانەوانی و سیاسییە تایبەتەکانیان، نەیانتوانی سوود لە سیستمی پەروەردەیی وەربگرن، کە پێداگری لەسەر ناوەندگەرایی و یەکپارچەیی دەکرد، مەگەر ئەوەی وازیان لە شێوازی ژیانی کۆچەری خۆیان بهێنایە، لە ساڵی ١٩٢٩ەوە لە تاران و چەند شارێکی دیکەدا چەند ناوەندێک بە ناوی پەروەردەی کۆچەری دامەزران، کە منداڵی سەرۆک هۆزەکان و کەسانی کاریگەر ناچاربوون ساڵانی سەرەتای منداڵییان بە دابڕان لە بنەماڵەکانیان و کۆمەڵگە کۆچەرییەکان لە جۆرێک لە دەربەدەریدا بەسەربەرن، بۆ نموونە خوێندنگای کۆچەریی بەشێوەی فەرمی و لەسەر شێوازی نوێ لە ساڵی ١٩٥٢ لە کهگیلۆیە دامەزرا (سهرابی، ١٣٨٧: ٥٦- ٦٩؛ جاجرمی و خدایی، ١٣٩٧: ٧)، لەم بارەیەوە محەمەد بەهمەن بێگی[٢] کە دامەزرێنەری پەروەردەی کۆچەریی و لە عەشیرەتی قەشقایی ئێران بوو، لە کتێبی سوێند بە وەچاخت (به اجاقت قسم) دا دەڵێت: "بەو هیوا و ئارەزووەوە بووم کە بە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بەتایبەت لە نێو کچاندا، بتوانم خزمەتێکی بچووک ئەنجامبدەم، بەڵام هەر لە هەنگاوی یەکەمدا تێگەیشتم کارێکی ئاسان نییە و ڕێگایەکی سەختم لە پێشە، خەڵکی هۆزەکان حەزیان لە خوێندەواری منداڵەکانیان بوو؛ بەڵام تەنیا کوڕانیان بە منداڵی خۆیان دەزانی و کچیان نەدەناردە خوێندنگا و ڕازیکردنیشیان کارێکی ئەستەم بوو، داواکاری و پێداگریەکانم هیچ سوودێکی ئەوتۆیان نەبوو، لەو دوو هەزار خوێندکارەی، کە لە کەسوکار و نزیکەکانی خۆم یان لە خوێندنگای چادرەوە لە ساڵی یەکەمی کارکردنمان هاتبوون، کەمتر لە چل کچی لە خۆگرتبوو؛ کە ئەوانەش زۆربەیان منداڵی چینی سەرەوە بوون، شوانکارە، فەرشچن، دارتاش، ڕاوچی، ئاسنگەر و... هتد بەرەنگاریی بوون، لە نێو ئەو چل کچەی ڕوویانکردە خوێندنگاکانی ئێمە، تەنها دوو کەسیان لە چینی هەژار بوو" (بیگی، ١٣٧٩: ٧٤- ٧٧)، هەر لەم بارەیەوە ناوبراو دەڵێت: "پاش چەند ساڵ لە کارکردن لە خوێندنگای کۆچەریی ئاگاداری کەم کورتێکانی بوومەوە، کە یەکێک لەو کەم کورتیانە نەبوونی کچانی کۆچەری بوو لەو خوێندنگایانە، تا ئەو کاتە خوێندن بۆ کچانی خێڵەکی زۆر باو نەبوو و نەمدەتوانی ئەم زیانە بۆ کچان قبوڵ بکەم و پشتگوێی بخەم، هەربۆیە هەوڵمدا بیر لە ڕێگایەک بکەمەوە بۆ چارەسەرکردنی، هانی کچەکەمم دا دوای تەواوکردنی خوێندنگەیەکی عەشایەری ببێتە مامۆستا، لە هەمان کاتدا هانی هاوڕێ و خزمەکانم دەدا کە ڕێگە بە کچەکانیان بدەن بچنە خوێندنگا" (رسولی پور، ١٣٩٤: ١٩١- ١٩٢).

دواجار بە هەوڵ و کۆششی بەهمەن بێگی، لە نێو عەشیرەتەکانی فارس، کهگیلویە ، بوێر ئەحمەد، بەختیاریی، لوڕستان، سنە، ئاراسباران و شاهسوان، ١٢١١ هەزار و دوو سەد و یانزدە خوێندنگای نوێ دامەزران، لە ساڵی ١٩٧٢، یەکەم سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کچان (فەرش چنین) دامەزرا و لە ساڵی ١٩٧٤یش، یەکەم سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کوڕان دامەزرا (رستمی و دیگران، ١٤٠١: ٢١٠)، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گۆڕانکارییەکان بەو ئاستە نەبوون، کە حکومەت باسی لێوەدەکرد، هەروەک لەم بارەیەوە سەنجابی دەڵێت: "ژمارەی ئەو خوێندنگایانەی وەک ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە باس دەکرا، دەبوو لە هەر گوندێکدا لانی کەم یەک خوێندنگا هەبوایە، بەڵام ئەو ژمارانە تەنها بە ڕواڵەت بوو، بۆ نموونە دەیانگوت لە فلان ناحیە پەنجا خوێندنگە هەیە، کە بەدواداچوونم بۆ دەکرد دەردەکەوت تەنها دوو یان سێ لەو خوێندنگایانە بوونیان هەیە" (سنجابی، ب.س: ٢٧٦).

هەر بە مەبەستی گرنگیدان بە پەروەردە و خوێندن لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣- ١٩٥٤، پاڵپشتی خوێندنگای شەرافەتی ئێرانیی لە بەغداد کرا، کە لەسەردەمی قاجارییەکان بۆ یەکەم جار دامەزرا بوو، پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیشی بۆ زیاد کرا (بدون اسم مولف، ب.س: ٣٧)، بەدەر لە خوێندنی پەروەردە، شا گرنگی بە خوێندنی باڵاش دا و بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٤٨ زانکۆی تەورێزی دامەزراند (بدون اسم مولف، ١٣٤٢: ١٢).

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەوە بوو، حکومەت لەسەر بنەمای پێویستییە سیاسیی، دەرەکی و ئابوورییە جۆراوجۆرەکان ،کە دۆخی ئابووریی (بەهۆی هەناردەکردنی نەوت و داهاتەکەی)، ڕەوشی کولتووریی (ڕۆژئاواییبوون و گرتنەبەری شێوازی دژە ئایینی)، خەباتی دژە حکومەت و پێویستی دروستکردنی گۆڕانکاریی لە سیستمی پەروەردە و بەرنامە پەروەردەییەکان، بەرنامەی چاکسازیی خۆی بە ناوی شۆڕشی سپی ڕاگەیاند، پلاندانانی پەروەردەیی، وەک بەشێکی گرنگی چاکسازییەکان؛ بە ئامانجی ڕاهێنانی پسپۆڕان بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی ئابووریی و کارکردن لە کەرتی پیشەسازیی و هەلی کار لە کەرتی حکومییدا، کە لە ژێر ناوی شۆڕشی ناوبراو پێشنیارکرابوو، بەشێوەیەکی ناوەندگەرایی ئەنجامدرا و حکومەت ویستی لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەییەوە هەژموونی خۆی بەسەر ئەیالەتەکان، ناوەندی پارێزگاکان و گوندەکاندا فراوانتر بکات (همایون، ١٣٨٥: ٩١).

یەکێک لە ڕاپۆرتە حکومییەکانی ئەم قۆناغە سەبارەت بە ئامانجەکانی پەروەردە باس لەوەدەکات؛ "بنەمای پەروەردەیی دروست، تەیارکردنی گەنجانە بۆ خزمەتکردنی نیشتمان و فێرکردنی وانەی نیشتمانپەروەری، ئەرک و... هتد، بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ کە درێغی لە پێدانی هیچ قوربانییەک ناکات بۆ شانازی و شکۆمەندی و گەورەیی ئێرانیی خۆشەویستمان و بە دڵسۆزییەکی تەواوەوە، بە باوەڕێکی پاک و خۆشەویستییەوە بۆ باوکانمان و خاکی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان ئەو کارە بکەن" (مرکز اسناد و کتابخانه مجلس شورای اسلامی، ١٣٥١؛ خانیان، ١٣٩٥: ١٣٢) و کاتێک هەموو کاروباری کولتووریی کەوتە بەر بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژئاوا و کەوتە ژێر کاریگەری کولتووریی نوێ، یەکێک لە ئامانجەکان و پلاندانانی کولتووریی لەم سەردەمەدا پەرەپێدانی بەرنامەی پەروەردەیی و بەکارهێنانی ناوەڕۆکی کۆرسی بیانی بوو(کسری، ١٣٧٩: ٢٨٥).

یەکێک لەو هەنگاوانەی، کە بۆ ئەم مەبەستە لەم سەردەمەدا گیرایە بەر، هاوشێوەی کۆتایی سەردەمی قاجار و پەهلەویی یەکەم، خوێندنی کچان بوو لە خوێندنگادا (هریس و دادور، ١٣٩٤: ١٧٦)، پەروەردەی مۆدێرن بۆ ژنانی ئێرانیی بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئێراندا دادەنرا، لە ئەنجامدا سیستمێکی پەروەردەیی مەرکەزی پێکهات، کە تێیدا بەرنامەکان بەگوێرەی ئامانج و بیرۆکەکانی حکومەت دارێژرا و جێبەجێکرا(سمیعی و زندیه، ١٤٠٢: ٢١٠- ٢١١)، بەڵام هەلی خوێندن هەموو کۆمەڵگا و ژنانی نەگرتەوە، چونکە سەختییەکانی ژیان و بەها نەریتی و کولتوورییەکان ڕێگربوون لەبەردەم خوێندنی ژناندا، لە ساڵی ١٩٥٠دا تەنها نزیکەی لە٨٪ ی هەموو ژنانی تەمەن ٧ ساڵ و سەرووتر خوێندەوار بوون، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگا لە ساڵی ١٩٦٧ دا ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی ١٨٪ زیادیکرد و لە ساڵی ١٩٧٢دا لە٢٦٪ ی تێپەڕاند، وەک چاوەڕوان دەکرا، ناوچە شارییەکان زۆرترین ڕێژەی ژنانی خوێندەواریان هەبووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٢دا زیاتر لە ٤٩٪ ی ژنانی شارەکان خوێندەوار بوون، بەڵام لە ناوچە گوندنشینەکاندا تەنها نزیکەی لە٩٪ ی ژنان توانای خوێندن و نوسینیان هەبوو (ثواقب و دیگران، ١٤٠٠: ٥٤).

بێگومان کاتێکی زۆری خایاند، تا کچان بچنە خوێندنگا و لەلایەن کۆمەڵگاوە بە چاوێکی ئاساییەوە سەیر بکرێن، لە سەرەتادا دامەزراندنی خوێندنگەی کچان و بەردەوامییان گرنگ بوو، بەڵام دوای ئەوە خوێندنی سەرەتایی بۆ کچان تارادەیەک بوو بە باو، خوێندنگاکان هێشتا کێشەی تریان هەبوو لەوانە پرسی پاک وخاوێنی، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی وەک قژ هەڵوەرین و نەخۆشێکانی پێست، نەشیاوی بینای خوێندنگاکان و نەزانی و ناکارامەیی و نەخوێندەواری مامۆستایان، بە پێچەوانەی قۆناغە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی ئەم خوێندنگایانە، کە کوالیتییەکی گونجاو لەبەرچاو گیرا، ئامادەبوونی بەردەوامی خوێندکاران لە پۆل و دڵنیا بوون لە ڕەزامەندی دایک و باوک لەو بابەتانە بوون، کە پێویست بوو چارەسەر بکرێن، تەنانەت هەندێک لە بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکان هەوڵیان دا، خولی فەرش چنین و دروومان بکەنەوە بۆ ئەوەی کچان بتوانن لەگەڵ خوێندندا فێری پیشەیەک بن، نەک تەنها بۆ یارمەتیدانی ئابووریی خێزان، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر ئامادەبن بۆ بەردەوامبوون لە ئامادەبوونی منداڵەکانیان لە خوێندن (اسفند آبادی، ١٣٩٦: ١٠٨).

بەراوردکردنی ئامارەکانی خوێندنگا سەرەتاییەکانی کچان و کوڕان لە وڵاتدا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٤ بۆ ١٩٤٩ ، گەشەکردن و فراوانبوونی خوێندنی سەرەتایی بەتایبەتی بۆ کچان لەم ماوەیەدا دەردەخات، حاڵەتەکانی وەک زیادبوونی ژمارەی خوێندنگاکانی کچان و دوو هێندە بوونی ژمارەی خوێندکارانی ئامادەیی کچان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٤ بۆ ١٩٤٩ ئاماژەن بۆ فراوانبوونی خوێندن لە نێو کچان لەم ماوەیەدا، بێگومان لێکۆڵینەوە لە ئاماری ژمارەی خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵای وڵات و ناوەندەکانی تری خوێندن، ڕەوتێکی دابەزینی ژمارەی کچان لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٤١-١٩٤٦دا دەردەخات، کە پێدەچێت بەهۆی کێشەی ئابووریی و سەرهەڵدانی نائەمنیی و نائارامیی کۆمەڵایەتیی لە وڵاتدا بێت؛ بێگومان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە حەز و ئارەزووی کچان و ژنان بۆ پەروەردە لەم ماوەیەدا تەنیا لە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندییدا سنووردار بوو و خوێندنی باڵای نەگرتەوە (اطلاعات، ١٣٢٣: ١).

لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١ ، ژمارەی ئەو کچانەی لە خوێندنگا سەرەتاییەکانی شارەکاندا دەیانخوێند، نزیکەی یەکسان بوو بە ژمارەی کوڕان، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە گوندەکاندا کەمتر لە یەک لەسەر سێ بوو، خوێندنگاکانی ئامادەیی لە گوندەکاندا زۆر کەمتر بوو لە شارەکان، هەروەها ڕێژەی ئەو کچانەی لە ئامادەیی گوندنشینەکاندا دەیانخوێند تەنها نزیکەی یەک لەسەر شەشی ژمارەی کوڕان بوو، ڕێژەی

خوێندنی کچان لە ساڵی ١٩٥٧ (١/٢) بوو، لە ١٩٦٧ (٤/٣) و لە ١٩٧٧ یشدا (١٦/٥) بوو (ثواقب، ١٤٠٠: ٥٤- ٥٥)، هەربۆیە لە کۆتایی ڕژێمی پەهلەوییدا، کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی قۆناغی مۆدێرنیزاسیۆن، ڕێژەی خوێندەواری دانیشتوانی شارەکانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ بیست ساڵی پێشوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و نزیکەی دوو هێندە زیادی کرد، بەجۆرێک، تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو نزیکەی دوو لەسەر سێی دانیشتوانی شارەکانی وڵات توانیان بخوێننەوە و بنووسن (اکبری و پورقنبر، ١٣٩٦: ١١).

دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکان بۆ کەمی خوێندنی کچان بە بەراود لەگەڵ کوڕاندا، یاسای قەدەغەکردنی عەبا لە خوێندنگاکاندا، کردنەوەی خوێندنگای تێکەڵ (کچ و کوڕ) و ناردنی مامۆستای ژن بۆ خوێندنگای سەرەتایی کوڕان بێت، کە ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو ، لەگەڵ نەریتی ئەو کاتی ئێراندا نەدەگونجا (رخ و زندیە، ١٤٠٠: ٣٨)، هەربۆیە لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە دژایەتی کرا، جێگەی باسە ئەوەی سەردەمی محەمەد ڕەزاشای لەسەردەمی ڕەزاشا جیادەکردەوە ئەوە بوو لەسەردەمی ڕەزاشا لابردنی حیجاب بەزۆر و لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بوو، بەڵام لەسەردەمی محەمەد ڕەزاشا دا بە پشت بەستن بە بانگەشەکردن لە ڕێگەی ڕاگەیاندن، ناوەندەکانی فێرکردن، دام و دەزگا و سینەماوە بوو (زائری و نژاد، ١٣٩٨: ١٨١- ١٨٤).

تەنانەت لە زانکۆکانیش دا پۆشینی عەبا قەدەغەکرا، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوی هەواڵگری و ئاسایشی دەوڵەت (ساواک) لە وەڵامی داواکارییەکی شەهربانی (بنکەی پۆلیس) لە ساڵی ١٩٧٧، بۆ ڕێگەگرتن لە چوونە نێو زانکۆی کچانی باڵاپۆش پێشنیار دەکات: بە گاڵتەکردن بەم کچانە و ناوانی کەروێشکی ڕەش و هاوشێوەکانی لێیان کارێک بکەن نەتوانن بەو جلوبەرگەوە بێن یاخود دەبێت عەباکانیان لابدەن (سولیوان و آنتونی، ١٣٧٣: ٢٨٥؛ مقدم و اصل؛ ١٣٨٨: ١٢١).

هەر بۆ مەبەستی چەسپاندنی سیاسەتی لابردنی حیجاب هەموو ساڵێک لە خوێندنگاکاندا ڕۆژی٧ی کانوونی دووەم وەک ساڵ ڕۆژی لابردنی حیجاب ئاهەنگ دەگێڕدرا (شفیعی و حسینی فر، ١٣٩٧: ١٧٨)، بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکان لە م ڕۆژە دا، پەخشنامە بۆ خوێندنگاکان دەنێردران، کە دەبوو لەسەر ئەو بنەمایە وتار و گفتوگۆکان بە بەشداریی خوێندکارانی کچ لەسەر کاریگەرییەکانی بەشداری ژنان لە بەرنامە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابووریی و کولتوورییەکان ئەنجام بدرێت، بەم بۆنەیەوە لە ٧ تا ١٢ی کانوونی دووەم، تەوەری وتارەکانی خوێندکاران دەبوو لەسەر بەشداریی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا بێت، هەربۆیە لە ٢٧ی کانوونی دووەم، وتار و گفتوگۆ لە خوێندنگاکانی سەرتاسەری وڵاتدا سەبارەت بە کاریگەرییەکانی بەشداری ژنان لە بەرنامە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابووریی و کولتوورییەکان بەڕێوەدەچوو، لەم ڕێوڕەسمەدا دەقی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و جاڕنامەی نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان لەخوێندنگا ئامادەییەکان دابەشکرا، ئەم پەخشنامانە بە زاراوەیەکی سادە نووسراون و وێنەی گونجاویان بۆ دابینکراوە بۆ ئەوەی خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی باشتر لێی تێبگەن (سازمان اسناد و کتابخانە ملی و خانیان ١٣٩٥: ٢٨٧).

لە بەرنامەی گەشەپێدانی حکومەت کە لە ساڵی ١٩٤٩ دەستپێیکرد، تاوەکو ساڵی ١٩٧٨ی خایاند، بەمەبەستی زیادبوونی گەشەی ئابووریی، پێنج بەرنامەی لەخۆگرت (ایزدی و اینانلو، ١٣٩٤: ٥)، کە بریتی بوون لە:

بەرنامەی یەکەم: دیاریکردنی ئامانجە ئایدیاڵەکانی پەروەردە بەپێی ئامانجە درێژخایەنەکانی بەرنامەی گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی وڵات کرایە ئامانج.

بەرنامەی دووەم: وێڕای تیشکخستنەسەر ئەو سیاسەتانەی لە پلانی یەکەمدا جێبەجێکراون، ئامانجی دۆزینەوە و چاندنی بەهرە و ڕێنماییکردنی خوێندکارانە، لە هەڵبژاردنی بوارێکی خوێندن بۆ پیشەیەک، لەگەڵ پێداویستییەکانی وڵات و بەهرەکانیان بگونجێت، هەروەها ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ زانکۆ یان فێربوونی پیشە و پیشەسازییەکان و ئاشناکردنیان بە بنەماکانی کاری ئازاد.

بەرنامەی سێیەم: بە پێی پلانی سەرەتایی بۆ چاکسازی لە ساڵی ١٩٦٦، لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن؛ ئامانجیان تەندروستی جەستەیی و دەروونی و گەشەسەندنی هاوسەنگیان، پەروەردەی ڕەوشتیی و ڕۆحی، هونەریی و ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی، تیۆری و پراکتیکی بە مەبەستی گواستنەوەی سەرمایەی فیکری و شارستانیەتی مرۆیی بۆ نەوەکانی داهاتوو بوو.

بەرنامەی چوارەم: ئامانجیان باشترکردنی کوالیتی و فراوانکردنی ڕێژەی خوێندن لەسەر ئاستی باخچەی ساوایان و سەرەتایی، دەستنیشانکردنی بەهرەی خوێندکاران لە قۆناغی ڕێنمایی پەروەردەیی و ڕێنماییکردنیان بە ئاراستەی خوازراو، زیادکردنی ڕێژەی خوێندەواری و ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات بوو (جهانیان، ١٣٩١: ٩٦- ٩٨).

بەرنامەی پێنجەم: گەشەپێدان لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتییدا لەژێر ناونیشانەکانی وەک پەروەردە، ڕۆشنبیریی، هونەر، گەشتوگوزار، چاودێری تەندروستی خۆراک، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی، پەروەردەی وەرزشی و کاروباری گەنجان کارەکانی دەستپێبکات، لە بواری پەروەردەشدا ئامانجی چەندایەتی پلانی پێنجەم بریتی بوو لە زیادکردنی ژمارەی خوێندکاران لە وڵاتدا تا ئاستی دبلۆم لە ٤/٧ ملیۆنەوە بۆ ٩ ملیۆن، ئەم بەرنامەیە سور بوو لەسەر ئەوەی تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٨، خوێندنی گروپی تەمەنی ٦-١٢ ساڵان (پەروەردەی زۆرەملێ) بۆ ١٠٠% زیاد بکات، گروپی تەمەنی ١٢-١٥ لە ٢٣% بۆ ٦١% زیاد بکات و گروپی تەمەنی ١٥-١٨ لە ٢٥% بۆ ٣٨% لە ماوەی پێنج ساڵدا زیاد بکات، هەروەها ئامانجی بەرنامەکە زیادکردنی ڕێژەی خوێندەواری بوو لە نێو چینی بە ساڵاچواندا لە ٥٠٪ زیاد بکات بۆ لە ٨٠٪ وە ٧/٤ ملیۆن کەسی بە ساڵاچوو بخاتە بەر خوێندن (نباتی، ١٤٠١: ٣٣٤).

ئەم قۆناغە کێبڕکێیەکی توندی لە نێوان مامۆستایان و نووسەران بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کتێبی خوێندن دروستکرد، جۆش و خرۆشی مامۆستایان بۆ بەرهەمهێنانی کتێب لەم قۆناغەدا و بەرهەمهێنانی چەندین کتێب جێگەی تێڕامانە، ئەم ئازادییە بۆ پەرەپێدانی کتێبی

پرۆگرامی خوێندن، نووسین و بڵاوکردنەوە تا ساڵی ١٩٥٦ بە شێوەیەکی یاسایی بەردەوام بوو، ساڵی ١٩٥٦ "بەشی خوێندن و پرۆگرامەکان" لە وەزارەتی رۆشنبیریی دامەزرا، ئامانجی ئەم دامەزراوەش بریتی بوو لە ڕەخساندنی هەلی خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئامانجەکان و پێداچوونەوە بە بەرنامە و شێوازە پەروەردەییەکان، پاشان لە ساڵی ١٩٥٧، دەستی بە چاپکردنی کتێبیش کرد، بە ئامانجی دابینکردنی کتێبی نموونەیی بۆ نووسەرانی سەربەخۆ و توانی تا ساڵی ١٩٦٤ چەند کتێبێک بۆ چاپکردن ئامادە بکات (موسی پور، ١٣٨٧: ٢٣).

بەپێی ئەو پەیڕەوانەی، کە ئەنجومەنی باڵای رۆشنبیریی لە شوباتی ١٩٥٧ پەسەندی کردووە، ساڵانە ئامادەییەکان بەم ڕیزبەندییە هەڵدەبژێردرێن: بۆ هەریەک لە کەرەستەی بەرنامەکان، کۆمیسیۆنێک لە پرۆفیسۆر و مامۆستایانی بەشدار بوو، لە نووسین و چاپکردنی کتێبی خوێندنی ئامادەیی پێکدەهێنرێت، بە سەرۆکایەتی یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای رۆشنبیریی سەرجەم ئەو دەقانە دەخوێنێتەوە،کە نووسەران یان بڵاوکەرەوەکان بۆ وەزارەتی رۆشنبیریی دەیاننێرن، هەر کەموکوڕییەک بە پێی ئەو بنەمایانەی لە پەیڕەودا هاتووە و نووسەران بە پێی بۆچوونی کۆمسیۆن و پێشنیاری کۆمسیۆن و ڕەزامەندی ئەنجومەن ڕێگەیان پێدەدات لە ئامادەییەکاندا وانە بڵێنەوە(صدیق، ١٣٣٨: ٤٦١)، سەبارەت بەو وانانەش، کە بەشێوەیەکی گشتیی لە خوێندنگاکان دەخوێندران بریتی بوون لە: فارسیی، فێرکاری ئایینی و ڕەوشتیی، مێژوو، جوگرافیای ئێران، پەروەردەی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی، زمانی بیانی، وەرزش، کاری هونەریی، ماڵداری بۆ کچان و ...هتد (صدیق، ١٣٥٥: ٢٣٩). لەگەڵ هەموو ئەمانە دا چەند ناوەندێکی بڕیاردان و دامەزراوە هەبوون لە بواری پەروەردە و رۆشنبیریی دا ئەوانیش بریتی بوون لە:

**یەکەم: ڕێکخراوی پەروەردەیی وڵات (سازمان آموزشی کشور)**

ئەم ڕێکخراوە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بۆ ماوەیەکی زۆر وەک خۆی مایەوە، لە سەرەتای سەردەمی محەمەد ڕەزاشا، تا کودەتای ٢٠ی ئابی ١٩٥٣، ٣٠ کابینە هاتنە سەر کار و بیست وەزیر دانران، دوای کودەتاکە کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر رۆشنبیریی و پەروەردەدا بەهێزتر بوو، تا ساڵی ١٩٦٧ لە کۆی سیانزدە وەزیری کابینە شەش کەسیان بەرپرسی ئەو وەزارەتە بوون، لەو کاتەدا وەزارەتی رۆشنبیریی دابەشکرا بەسەر سێ وەزارەتدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ.وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن (وزارت آموزش و پرورش) :** بەڕێوەبردنی باخچەی ساوایان، خوێندنگە سەرەتاییەکان، ئامادەییەکان، خوێندنگە پیشەییەکان، هونەرستان، خولی نوێی ڕێنمایی ئەکادیمی و ئامادەکاری خوێندنگا و پەیمانگاکانی تەکنەلۆژیای لە ئەستۆدا بوو؛ ئەم وەزارەتە شەش وەزیری لە یانزدە کابینە دا هەبوو (همایون، ١٣٨٥: ٩٢).

**ب. وەزارەتی زانست و خوێندنی باڵا (وزارت علوم و آموزش عالی):** بەشی کاروباری تایبەت بە زانکۆ و خوێندنگە باڵاکان و توێژینەوەی زانستی لە ئەستۆ بوو، ئەم وەزارەتە لە دە کابینە دا هەشت وەزیری هەبوو (بیگدلو و شهیدانی، ١٣٩٦: ٣٥).

**ج. وەزارەتی رۆشنبیریی و هونەر (وزارت فرهنگ و هنر):** کاروباری رۆشنبیریی و هونەر و گەشەپێدانی، پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان و هونەری نەتەوەیی، پەرەپێدان و بەناوبانگکردنی میراتی کۆن و شارستانیەتی کۆن و دروستکردنی مۆزەخانە و کتێبخانە و ڕاهێنانی هونەرمەندان لە ئەرکەکانی ئەم وەزارەتە بوو (همایون، ١٣٨٥: ٩٢).

**دووەم: ئەنجومەنی باڵای پەروەردە (شورای عالی آموزش و پرورش)**

لە ساڵی ١٩٦٨ لەبری ئەنجومەنی باڵای رۆشنبیریی، ئەنجومەنی باڵای پەروەردە دامەزرا، کە پەیڕەویی یاسایی لەلایەن کۆمیسیۆنی رۆشنبیریی و لە ئەیلوولی ١٩٦٦ پەسەند کرا، بەپێی پەیڕەوی ناوبراو ئەنجومەن یانزدە ئەندامی هەبوو، وەزیری پەروەردە یەکێک بوو لە ئەندامەکان و سەرۆکی ئەنجومەنەکە، ئەندامێکی دیکەش سەرۆکی زانکۆی تاران بوو، ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنەش بریتی بوو لە: پەسەندکردنی پرۆگرام و ڕێسا گشتییەکانی خوێندنگا و تاقیکردنەوەکان، پەیڕەویی دامەزراوە پەروەردەییەکان، ئامادەکردنی کتێبی خوێندن بە پێی بەرنامە، دیاریکردنی بڕی کرێی خوێندنی خوێندنگاکان، ڕێگەپێدان بۆ دامەزراندنی خوێندنگەی حکومیی و...هتد (صدیق، ١٣٥٥: ٢٢٣- ٢٢٤).

لە لایەن وەزیر پەروەردەوە بڕیار درا بەدەر لە پایتەخت، لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش ئەنجومەنی پەروەردەیی دابمەزرێت، کە تێیدا نوێنەرانی خەڵک بەشداربن و هەموو بابەتەکانی پەیوەست بە کاروباری پەروەردەیی وڵات، لەوانە دروستکردنی بینای خوێندنگا، فەرمانگەی ڕاهێنانی مامۆستایان، دامەزراندنی مامۆستایان و پێکهێنانی پۆلی ڕاهێنان ئەرکی ئەم ئەنجومەنە بێت(بدون اسم مولف، ٤ ژوئن ١٩٦٩: ٧).

**سێیەم: سوپای مەعریفە (سپاه دانش)**

لە دەیەی شەست و لە چوارچێوەی بەرنامەکانی شۆڕشی سپی، بە پێی مادەی شەشی ئەم شۆڕشە بڕیار درا بە دامەزراندنی سوپای مەعریفە (کرانی و دیگران، ١٤٠١: ١٥١٤)، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نالەباری خوێندن و بەتایبەتی کەمی مامۆستا لە گوندەکان لەلایەک و ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی دبلۆمی بێکار لە وڵات لەلایەکی ترەوە، لە یاسای پەیوەندیدار بە چاکسازی زەوی و زار، بڕیار درا لە نێو خاوەن بڕوانامەی دواناوەندیی، کە یاسای خزمەتکردنی سەربازیی دەیگرتەوە، پێویستە هەندێکیان دوای تێپەڕاندنی مەشقی تایبەت و تەواوکردنی خزمەتی سەربازییان ڕەوانەی دوورە دەستترین گوندەکان بکرێن و فێری خوێندەواری خەڵکی گوندەکان بکەن(آوری، ١٣٧١: ١٥٠؛ الله آباد و زارع حسینی، ١٤٠٣: ١٠٢)، ئەم کەسانە بە یەکپۆشی و دیسپلینی سەربازیی و بە پلەی ڕائید لە ژێر چاودێری هاوبەشی هەردوو وەزارەتی رۆشنبیریی و جەنگدا ڕێکخرا بوون(جاجرمی و خدایی، ١٣٩٧: ٩)، ئەرکی ئەوان تەنیا فێرکردنی خوێندنەوە، نووسین و ژماردن نەبوو، بەڵکو منداڵان و باوکەکانیان فێری سوودەکانی بیناسازی، تەندروستی و کشتوکاڵی نوێی دەکران (الله آباد و زارع حسینی، ١٤٠٣: ١٠٢)، پاشان گۆڤارێکیشیان هەر بە ناوی سوپای مەعریفە بڵاوکردەوە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە هەوڵ و کارەکانیان(منصوری، ١٣٨٨: ٤٦٠)، هەرچەند ژمارەی ئەم سەربازانە زۆر

نەبوو، بەڵام یارمەتیدەر بوو بۆ پەرەسەندنی بواری پەروەردە و خوێندن لە گوندەکاندا بە تایبەت ژمارەیەک بەرچاو لە کچان توانیا فێری خوێندن و نوسین ببن (یوسفی فر و موسوی، ١٣٩٤: ١٢٥).

نوێنەرانی ژنانیش، پاش چوونیان بۆ نێو پەرلەمان یەکێک لەو یاسایانەی کاریان لەسەرکرد، یاسای خزمەتکردنی کۆمەڵایەتیی بوو، لە ساڵی ١٩٦٨ یاساکە پەسەندکرا و یەکەم دەستەی ژنانی سەرباز، کە ژمارەیان دەگەشتە ١٨٩١ هەزار و هەشت سەد و نەود و یەک کەس، لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٦٨ دەستیان بە مەشق و ڕاهێنان لە ناوەندەکانی پەروەردە کرد و لە ٢١ی ئازاری ١٩٦٩ش بە مەبەستی خزمەتکردن ڕەوانەی گوندەکان کران (رضوی و دیگران، ١٣٩٩: ١٢٩).

**چوارەم: ئەنجومەنی باڵای ڕۆشنبیریی (شورای عالی معارف)**

یەکێک بوو لە باڵاترین دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان لە بواری پەروەردەدا، لە سەردەمی هەردوو پەهلەویی یەکەم و دووەم، لە ساڵی ١٩٣٨، دوابەدوای گۆڕینی ناوی وەزارەتی پەروەردە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیریی، ئەنجومەنی باڵای پەروەردەش گۆڕدرا بۆ ئەنجومەنی باڵای ڕۆشنبیریی(جاودانی و سید رضا، ١٤٠٠ : ١٣٣؛ گلوجە و رحمانیان، ١٣٩٦ : ٦٥)، گرنگترین کارەکانیشی بریتی بوو لە: پەرەپێدانی دامەزراوە پەروەردەییەکان، دامەزراندنی یەکەمین خوێندنگای کۆچەریی، یەکگرتنەوەی نەخۆشخانەکان لەگەڵ کۆلێجی پزیشکی، دامەزراندنی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و پرۆژە یاسای گەڕاندنەوەی مافی مامۆستایان (روحبخش، ١٣٩٢: ٢١).

**پێنجەم: وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەر (وزارت فرهنگ و هنر)**

یەکێک بوو لە کۆنترین وەزارەتەکانی حکومەت و پاش فراوانبوونی بوارەکانی چالاکیی ڕۆشنبیریی، بە پێویست زانرا ئەم وەزارەتە لە وەزارەتەکانی دیکە جیابکرێتەوە، ئەوە بوو بۆ ئەم مەبەستە لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، پرۆژە یاسای جیاکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسەندکراو لە هەریەک لە وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف جیابوویەوە (خانیان ١٣٩٥: ١٣٩)، لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەم وەزارەتەش بریتی بوو لە: ئامادەکردنی پلان و بەرنامە بۆ پێشکەوتنی کولتوور و هونەر، ناساندنی کولتووریی نەتەوەیی، دامەزراندنی و پەرەپێدانی کتێبخانەکان بۆ زیادکردنی کولتووریی کۆمەڵگا، ڕاهێنانی هونەرمەندان و پسپۆڕان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پێویستی کۆمەڵگا، ناساندنی کەلتووریی نەتەوەیی بە نەتەوەکانی دیکەوە لە بەرامبەردا ئاشناکردنی ئێرانییەکان بە کولتووریی نەتەوەکانی دیکە، هەوڵدان بۆ پێشکەوتن و نمایشی هونەر وەک: سینەما، مۆسیقا، سەما، فۆتۆگرافی و ... هتد (صدیق، ١٣٣٨: ٤٤٦؛ خانیان، ١٣٩٥: ١٤٠).

یەکێکی دیکە لەو دامەزراوانە ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی سەڵتەنەتی بوو،کە لە ساڵی ١٩٦٢ لەلایەن محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی دامەزرا، ناوەندێکی پلە باڵا بوو،کە بڕیار بوو لەسەر ئەو پرسانەی لە بواری ئەدەبیی، زانستی و هونەرییدا،کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆ و دەرەوە ڕەوانەی دەرباری شاهەنشاهی دەکران و پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و وردبینی هەبوو بکۆڵێتەوە و بۆچوونی خۆی دەربڕێت(بدون اسم مولف، ١٣٤٢: ١٠- ١١)، بەدەر لەم دامەزراوانە چەند دامەزراوەیەکی دیکەش دامەزران وەک دامەزراوەی ڕۆشنبیریی پەهلەویی کە لە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا، ئەرکیشی بریتی بوو لە ڕەواجدان بە زمانی فارسیی و بەرگریکردن لە میرات و کولتووریی ئێرانی (منشادی و زادگان، ١٣٩٨: ١٩٨)، لە ساڵی ١٩٦٧ یش بە فەرمانی شا شورای باڵای کولتوور و هونەر بە مەبەستی ڕێکخستنی سیاسەتی کولتووریی و بەرنامە کولتوورییەکان دامەزرا (مریدی و نقی زادگان، ١٣٩١: ١٥١)، یەکێکی تر لەو دامەزراوانە کۆمەڵەی شێر و خۆر بوو، کە هەر لەسەردەمی ڕەزاشا دامەزرا بوو (مینوی، ١٣٦٩: ٣٥٣)، کاریشی بریتی بوو لە چارەسەرکردنی بریندارانی زەمینی و ئاسمانی و خاوەنی چەندین دامەزراوەش بوو، لەوانە: دامەزراوەی تاج، ناوەندی گواستنەوەی خوێن، بەشی سەربەخۆی داودەرمان و چەندین دامەزراوەی دیکە (حکیم الهی، ١٣٤٦: ٣٤١- ٣٤٣).

**شەشەم: کۆشکی لاوان (کاخ جوانان)**

لە ساڵی ١٩٦٦، بە فەرمانی محەمەد ڕەزاشا و بە چاولێکردن لە کۆمەڵەی مەسیحیی گەنجانی ئەمریکا، یەکەم لقی کۆشکی لاوان لە شەقامی شەمێران لە تاران دامەزرا، پاشان لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش لقی دیکەی کرایەوە، ئامانجی ئەم ناوەندانە لە ڕاستییدا دوورخستنەوەی گەنجان لە بیری ئایینی و ڕەواجدان بە بەها ڕۆژئاواییەکان بوو، تا ئەو ڕادەیەی، کە هاتوچۆی ئەمریکیی بۆ ئەو ناوەندانە زیادی کرد و بڕیارێک درا بۆ دابینکردنی پاراستنی سەربازیی بۆیان (فیلم: تأسیس کاخ جوانان، ١٤٠٢)، بەڵام دامەزرێنەرانی ئەم کۆشکانە وایان ڕاگەیاند، دەیانەوێت ببێتە ناوەندی ڕەوشتیی بۆ لاوان (اطلاعات، ١٣٤٥: ١).

لەو ماوەیەی، کە کۆشکی لاوان دامەزرا، زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ سیاسیی بوون، گروپە ئایینی و نائایینیەکانیش لە زانکۆکاندا چالاک بوون، بەرپرسانی حکومەت، کە لە ڕاکێشانی خوێندکاراندا سەرکەوتوو نەبوون، هەوڵیاندا ڕێگری لە مەیلی ئەوان بەرەو سیاسەت بکەن، بە دروستکردنی دۆخی جیاواز بۆ گەنجان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەرکەوت، کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی لاوی کۆشک چوونەتە نێو بازنەی سیاسیی دژ بە دەسەڵات و کۆشکیان وەک بەرگێک بۆ چالاکییە سیاسییەکانیان بەکارهێنا، هەربۆیە ئەندامێتی لە کۆشکدا بە مانای هاوئاهەنگی لەگەڵ ئامانجە خوازراوەکانی ڕژێم نەدەزانرا (بخشایش، ١٣٨٦: ١٢٣).

چالاکییەکانی کۆشکی لاوان زۆر لە بوارەکانی چالاکیی دەرەوەی پرۆگرامی خوێندنی لەخۆگرتبوو، لەوانە: وتار، شانۆگەری، پێشانگا لە بواری نیگارکێشان، گوڵ و ڕووەکی ڕازاوە، شێوازی باخداری و گوڵ، کاری دەستی، پێشکەوتنی پیشەسازیی، فێستیڤاڵی هونەری، مۆسیقا، پێشبڕکێی وەرزشی و ئاسانکاری پێویست بۆی، لەوانە ژوورێکی میوزیک، مەلەوانگە، کتێبخانە، ژووری شەترەنج، گۆڕەپانی وەرزشی وەک یاریگای تێنس، بالە، باسکە، تۆپی پێ، پینگ پۆنگ، بیلیارد (کتابخانە، موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، ١٣٥٢؛ خانیان، ١٣٩٥: ١٤١). پیاوان زیاتر لە ژنان و دەرچوانی زانکۆکانش زیاتر لە خوێندکارانی زانکۆ و خوێندنگاکان وەرزشیان ئەنجامدەدا. (شورای عالی فرهنگ و هنر مرکز مطالعات و هماهنگی فرهنگی، ١٣٥٥: ٥٤).

## تەوەری دووەم: ڕاگەیاندن

پەهلەویی دووەم بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی و پرۆژەی بنیاتنانی شوناس پەنای بردە بەر ئامرازگەلێکی جیاواز لەوانەش:

### أ.ڕادیۆ و تەلەفزیۆن

مێژووی ڕادیۆ لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتی ڕەزاشا (٢٤ی نیسانی ١٩٤٠) (مختاری اصفهانی، ١٣٨٨: ١٦)، پەهلەویی یەکەم بۆ بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانی و بە ئامانجکردنی سیاسەتە خوازراوەکانی، دامەزراوەی ڕادیۆی بەکارهێنا، پاش ماوەیەکی کورت ڕادیۆ بووە بڵندگۆی تایبەتی حکومەت و جگە لە دەنگی پەهلەویی هیچ دەنگێکی لەسەر نەدەبیسترا، ئەم دۆخە بەردەوام بوو و لە پاش ئەیلولی ١٩٤١، دەزگای ئایدیۆلۆژیی ڕادیۆ، بوو بە ئامرازێکی بەهێز، کە خزمەتی بە ئامانج و بەرنامەکانی پەهلەویی دووەم کرد، جگە لە ساڵانی داگیرکردنی وڵات ڕادیۆ لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ڕژێمدا بوو، محەمەد ڕەزاشا،کە هەستی بە هەڕەشەی گروپە ڕکابەرەکان کرد، هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەت و قبوڵکردنی جەماوەری لە ڕێگەی ئەم دامەزراوەیەوە چڕتر کردەوە (منشادی و زادگان، ١٣٩٨: ١٨٥)، یەکەمین ئەرکی گرنگی دامەزراوەی ڕادیۆ دروستکردنی وێنەی پاشایەتییەکی ئایدیاڵ بوو، لە کۆمەڵگادا، بەشێک لە ناونیشانی سرودەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە: شۆڕشی شا و گەل، شکۆمەندی شۆڕش، فەروغ و ئاریا و ڕابوون و میهرئاریا، کە لە کاردانەوە بە پێشهاتە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە و بۆ ڕەوایەتیدان بە پێگەی شا و گەورەیی ڕژێمی پەهلەویی دروستبوون(برخوردار، ١٣٨٧: ٤٤)، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٧، گۆرانییەک لە ڕادیۆ پەخشدەکرا و لە بارەی شاوە دەیگوت: "ڕۆشنتر لە نوری خودایی لە زانست و دین دا ڕابەری ئێمەی"، یان مەحمود جەعفەریان جێگری سیاسیی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی پەهلەویی لە بارەی شاوە دەیگوت: " تاوەرێک، کە وەک پاسەوانی کوروشی گەورە چاودێری گەورەترین ڕێڕەوی ئاویی جیهان دەکات و ئاسایشی سیستمی ئابووریی جیهان مسۆگەردەکات، کە ملیارەها کەس لە جیهاندا سووتەمەنی خۆیان لێوەردەگرن و ئارامیی جیهان نیعمەتی بوونی پاسەوانێکە، کە بە چاوی تیژەوە وەستاوە و لە کۆشکی کیشدا سەیری دەکات؛ کە ئەویش کوروشی سەدەی بیستەمە" (اسماعیلی، ١٣٨٨: ٥١)، بەدەر لەمانە هەندێک لە واعیزەکانی سەردەمی پەهلەویی لە ڕێگەی بەرنامە ڕادیۆییەکانیانەوە توانیان لایەنگرێکی زۆر بەدەستبهێنن و لەم ڕێگەیەوە خزمەت بە دەسەڵات بکەن، لە نموونەی ئەو کەسانەش حوسەین عەلی ڕاشد بوو، کە لە سەردەمی هەردوو پەهلەوییدا خزمەتی کرد، ناوبراو توانی جێگەی خۆی لە دڵی خەڵکیدا بکاتەوە چ لە نێو کەسانی نەخوێندەوار یاخود خوێندکارانی ئایینی و چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا (کاشی و شریعتی:١٤٠٠).

ئەرکێکی دیکەی دەزگای ئایدۆلۆژیای ڕادیۆ بەهێزکردنی وێنەی ئایدیۆلۆژیی ڕژێمی پەهلەویی بوو لە کۆمەڵگادا، بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی و ڕق و کینە لە بێگانە بوو، بوونی بیانییەکان بەهۆی داگیرکردنی ئێران و کۆنترۆڵکردنی ڕادیۆ، شای ناچارکرد، کە تۆڕی ڕادیۆیی سەرتاسەری بۆ هەموو شارەکانی ئێران فراوانبکات، بۆ بەرپەرچدانەوەی بێ متمانەیی خەڵک بە حکومەت، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕۆژێک شیعری پاڵەوانیی لە شانامەی فیردەوسی، بڕگەی دڵفڕێن لە مەسنەوی مەولەوی، شانۆگەری ئەدەبیی و نیشتمانپەروەریی، وتار لەسەر خانەوادە، ڕێزگرتن لە دایک و باوک و نیشتمان بۆ چاندنی هەستی نیشتمانپەروەریی و یەکێتی نەتەوەیی لە فۆرمێکی ئایدیالیزەکراوی حکومەتی ناوەندیدا لە زۆربەی شارەکانی وڵاتدا پەخش دەکران (وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، ١٣٧٩: ١٨٦).

بەدەر لەمانە حکومەت هەوڵیدا لە ڕێگەی دەزگای پڕوپاگەندە لەوانەش ڕادیۆ، پەرە بە مادیگەرای، تاکگەرایی و مۆدێرنگەریی بدات، کە ئەمەش لە دەرئەنجامی ڕۆژئاوایبوون بوو، لە نێو ئەو ڕێوشوێنانەشی گرایەبەر دامەزراندنی ڕادیۆی دەریا بوو لە ساڵی ١٩٧٢، زۆربەی بەرنامەکانی ئەم ڕادیۆیە لە میوزیک و بەتایبەت مۆسیقای سەما و گۆرانی ڕۆژئاوایی لەخۆگرتبوو، لە نێوەندیشیاندا هەواڵی کەشوهەوای ناوخۆیی و گرنگترین مانشێتەکانی ئێران و جیهان پەخش دەکران (خاکرند و صبوری مند١٣٩٣: ١٦٨) و تەوەری زۆربەی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان چ بە زمانی فارسیی یان ئینگلیزیی، تایبەت بوو بە کاڵای گرانبەها، ناپێویست و ڕۆژئاوایی، ئەم ڕیکلامانە نەک هەر سووڕی بەرهەمهێنانی ناوخۆی لە بەرامبەر کاڵای بیانی لاواز کرد، بەڵکو بەکارهێنانی بە پێوەرێکی شارستانییەت و کولتوور و پێشکەوتنیش دادەنرا و نوێترین مۆدێلی جلوبەرگ و ماکیاژکردنی ژنانی ڕۆژئاوای مانگ و ساڵ بەردەوام لە میدیاکانی وڵاتدا ناسێندرا (علویان و نیکروش، ١٤٠٠: ١٦٨).

ئەرکەکانی تری ڕادیۆ لە بەهێزکردنی بنەمای ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی پەهلەویی دووەم پەروەردە و زانیاریی بوو، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئامانجە کولتوورییەکانی لە تەواوی ئێراندا و بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان لە ساڵی ١٩٦٠، پلانی سود وەرگرتن لە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و نمایشی فیلم  بەبێ لەبەرچاوگرتنی کێبڕکێی نێوان سینەما و تەلەفزیۆن لە ناوچە گوندنشینەکاندا جێبەجێکرا (اشراقی و خاکرند، ١٣٩٦: ١٠٥)، زیاتر گرنگی بە بەرنامەکانی بواری تەندروستی، کۆمەڵایەتیی و کشتوکاڵ درا، جگە لەوەش پەروەردەکردن و ڕاهێنانی منداڵان یەکێک بوو لە بوارەکانی چالاکیی ڕادیۆیی (مختاری اصفهانی، ١٣٨٨: ١٣٥- ١٣٧)، بەڵام لەم ڕێگە دا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بوونەوە بۆ نموونە لەسەردەمی کابینەی هویدا (١٩٦٥- ١٩٧٧)هەزاران تەلەفزیۆنی ڕەنگا و ڕەنگیان لە فەڕەنسا و ئەمریکا کڕی بۆ بڵاوکردنەوەی بەسەر گوندنشیناندا، بێ ئاگا لەوەی گوندەکان بێ کارەبا بوون (آتابای، ١٣٨١: ٢٩٣).

دواجار ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نیشتمانیی لە نیوەی دووەمی سەردەمی محەمەد ڕەزاشادا، دەستیکرد بە دۆزینەوەی جێگای خۆی لە نێو خانەوادە ئێرانییەکان و لە کاڵایەکی گرانبەها و بە نرخ، کە لە هەر گەڕەکێکدا تەنیا یەک ماڵ هەیبوو، گۆڕا بۆ کاڵایەک کە لە بەردەستی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگادا بوو، هەوڵەکانی حکومەت بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئەم میدیایەوە زیاتر بوو (بختیاری، ١٤٠١: ٩٠).

### دووەم: سینەما

سینەما لە ئێراندا بۆ یەکەمجار لە سەردەمی قاجار دا (١٧٩٦- ١٩٢٦)دەرکەوت، بە هاتنی یەکەم ئامێری سینەماتۆگراف لەلایەن موزەفەرەدین شاوە (١٨٤٨- ١٨٩٦)، بەم شێوەیە سینەما وەک میدیایەکی گشتیی و جەماوەری، بۆ کات بەسەربردن لەلایەن بەشێک لە چین و توێژە جیاوازەکانی ئێرانەوە پێشوازیی لێکرا(اشرافی و خاکرند١٣٩٦: ٩٨)، پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەزاشاش، ئەوە بوو بۆ ماوەیەک سینەما لەگەڵ هەندێک لە شوێنە گشتییەکانی دیکە بۆ ماوەیەکی کاتی داخرا، بەڵام دواتر دەستیکرد بە پەرەپێدان و هاندانی مۆدێرنیزم لە ئێراندا، لەم نێوەندەدا سینەما بە نوێنەرایەتیکردنی دەرکەوتەکانی شارستانیەتی نوێ و پێشکەوتنەکانی پەهلەویی هەوڵی دا شەرعیەت بەم حکومەتە ببەخشێت، سینەما کە لەسەردەمی قاجاردا، تەنها بۆ دەربار و چینی باڵای کۆمەڵگە بوو، لەم سەردەمەدا بە هەوڵی شا و ڕۆشنبیرانیی دەوروبەری پێناسەیەکی نوێیان بۆ مۆدێرنیتی ئێران خستەڕوو (نبوی، ١٣٧٧: ٢٩- ٣٢)، لەگەڵ پەرەسەندنی جددی سینەمادا لە ئێران و زیادبوونی ژمارەیان و پیشاندانی فیلمەکان کە زۆرجار بەرهەمی بیانی بوون، پێوستی کرد یاسایەک لەم بوارەدا هەبێت، هەربۆیە لە

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شارەوانی تاران لە ئابی١٩٣٠، ڕەشنووسی پرۆژە یاسای شانۆ و سینەماکان پەسەند کرا (ساکما، آما، ش.س. ٦٠٧٤/ ٣٤٠: ٣- ٤؛ اشراقی و خاکرند، ١٣٩٦: ١٠٠).

سینەمای ئێران لە ساڵی ١٩٢٩، بە بەرهەمهێنانی فیلمی ئابی و ڕۆبی(ابی و رابی) دەستی بە بنیاتنانی خۆی کرد، ئەم سینەمایە تا ساڵی ١٩٣٧ بەردەوام بوو، لەم ماوەیەدا دە فیلمی بەرهەم هێنا. کاتێکیش پەهلەویی دووەم هاتە سەر دەسەڵات، سینەمای ئێران بۆ ماوەی حەوت ساڵ بێدەنگ بوو، لە ساڵی ١٩٣٧ تا ١٩٤٨ یش بۆ ماوەی یازدە ساڵ لەم ماوەیەدا هیچ فیلمێک دروست نەکرا، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ناسەقامگیری سەردەمی جەنگ و نەبوونی قازانج و سەرمایە بوو، لە ساڵی ١٩٤٨ بە فیلمی گەردەلولی ژیان (طوفان زندگی) (عەلی دەریا بێگی) ژیانی خۆی دەستپێکردەوە، ئەم فیلمە لەگەڵ فیلمی زیندانی ئەمیر(زندانی امیر) (ئیسماعیل کۆشان)، بەردی بناغەی سینەمای باوی دانا (اعظمی، ١٤٠٠: ٤) و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لوتکەی سەرهەڵدانی ئەستێرەی ژن بوو لە سینەمای ئێراندا،کە لە زۆربەی فیلمەکاندا ناوەندی ڕووداوەکان بوون، ساڵی ١٩٥٣ دەکرێ بە سەرەتای هەژمووونی سەما و گۆرانی لە سینەمای ئێراندا هەژماربکرێت، ئەم فۆرمە لە سەما کە لایەنی جەستەیی ژنانی وێنا دەکرد، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تا کۆتایی دەسەڵاتی پەهلەویی زاڵ بوو بەسەر سینەمای ئێراندا، دارێژەرانی سیاسەت لەو کاتەدا لە دوای کودەتای ١٩ی ئابی ١٩٥٣، پێیان باشبوو،کە سینەما ئامرازێکی بێ ئازار و سەرگەرمی بێت بۆ بینەر و خەڵک لە سیاسەت دووربکەوێتەوە، لە ساڵانی دواتر دا نمایشکردنی فیلمە پۆرنۆگرافییەکان، کە لە ئەوروپا و ئەمریکا دروستکراون لە سینەماکانی تاران و شارەکانی دیکەدا وردە وردە بوو بە بابەتێکی گشتیی(علویان، ١٤٠٠: ١٧٠).

لە نموونەی ئەو فیلمانەش کە لەسەردەمی پەهلەوییدا زیاتر جەختی لەسەر مۆدێرنگەرایی و ئازادیی ژنان دەکردە وەک فیلمی ئارامگرتن لە پێش کەسانی تردا(آرامش در حضور دیگران)، کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە دەرهێنانی ناسر تەقوایی باس لە عەقیدێکی خانەنشینکراو دەکات، کە لە شارۆچکەیەکدا دەژی، لە پاش کۆچی دوایی ژنەکەی هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی گەنجی شەرمن دەکات و گێڵگەی پەلەوەرەکەی دەفرۆشێت و دێتە تاران بۆ ئەوەی لە نزیک کچەکانی نیشتەجێ بێت، ئەو کچانەی کە هەریەکەیان بە جۆرێک ژیانێکی پڕ بەربەستیان بۆ خۆیان دروستکردووە و هاوشێوەی کچانی ڕۆژئاوایی دەژین(فیلمی آرامش در حضور دیگران، ٢٠٢٤)، کە بەشێک لە دیمەنەکانی نێو فیلمەکانی ئەو سەردەمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ داب و نەریتی ئەوکاتی ئێراندا نەدەگونجا، چ لە ڕووی جلو بەرگ یاخود خواردنی مادە کحولییەکانەوە بێت، ئەمەش بۆ ئەوە بوو وای پیشان بدەن، کە لە کۆمەڵگای ئێراندا ژن و پیاو یەکسانن(زمانی نیا، ١٣٦٣: ٩٢).

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ساواکیش لەو سەردەمە دا بریتی بوو لە سانسۆر کردنی فیلم، وەک فەرەیدون هویدا لە کتێبی بیرەوەری خۆیدا نوسیویێتی: "ساواک بە ئارەزووی خۆی سانسۆری فیلمەکانی دەکرد، تەنانەت جارێکیش ڕێگری لە نمایشکردنی فیلمێک کرد، کە لەلایەن هاوڕێیەکمەوە بەناوی ئیبراهیم گوڵتستانەوە دروستکرا بوو، چیرۆکی پیاوێکی دەگێڕایەوە کە تازە دەوڵەمەند بووبوو بە بۆچوونی ساواک، سەیرکردنی وەها سەرگەرمییەک دەتوانێت لە مێشکی بینەردا دۆسیەی شا لە دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وەبیربهێنێتەوە" (هویدا، ١٣٧٠: ٩٣- ٩٤)، ئەم فیلمە باس لە جوتیارێک دەکات، کە گەنجینەیەک لە زەوییەکەیدا دەدۆزێتەوە، دەڵێت چیتر نامەوێت بمرم و ئارام بووین، گەنجینەی نێو فیلمەکە ئاماژەیە بۆ نەوت، کە لە ژێر زەوییەوە دەرهێنراوە و وردە وردە دەفرۆشرێت، لە هەنگاوی یەکەمدا جوتیارەکە ئەو گایەی کە بۆ کێڵانی زەوییەکەی بەکاری دەهێنا دەکوژێت و پارەی فرۆشتنی گەنجینەکەی بۆ گۆڕینی سیمای ژیانی بەکاردەهێنێت (فیلم اسرار گنج دره جنی، ٢٠٢٥). مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران بە شێوەیەک لێک دەدرێتەوە کە لەسەر بنەمای نەریتی ئێران نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای ڕواڵەتەکان بووە؛ سەرپێچێک بوو کە هیچ بناغەیەکی نەبوو (شهیدانی و رستمی، ١٣٩٨: ١٨٢).

لەسەردەمی پەهلەویی دووەم بەدەر لە سینەماش بۆ یەکەم جار تەلەفزیۆن لە ئێران لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەستی پێکرد، لەسەر دەستی بازرگانێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە حەبیبوڵلا سابت[3] پاسال لە ساڵی ١٩٥٨، توانی مۆڵەتی دامەزراندنی تەلەفزیۆن و دەستپێکردنی یەکەمین تۆڕ بە ناوی تەلەفزیۆنی ئێران وەربگرێت، ڕۆژانە چوار کاتژمێر بەرنامەی پەخش دەکرد و لە دەیەی شەستەکاندا چەندین فیلمی دۆکۆمێنتاری دروستکران لەوانە: بای جنۆکە (باد جن)، چلە (اربعین) و گردەکانی قەیتریە (تپەهای قیطریه) و ...هتد (یغمایی، ١٤٠٢: ١٥٨- ١٥٩).

## سێیەم: بڵاوکراوە

چاپەمەنی لەسەردەمی پەهلەویی دووەمدا، بوو بە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی ڕژێم لە نێو جەماوەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هیچ بژاردەیەکیان نەبوو، جگە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکان (شورای نویسندگان، ١٣٨٥: ٧)، شا باوەڕی بە ئازادیی و سەربەخۆیی ڕۆژنامەگەری نەبوو، بێ هۆکار نەبوو کە دەزگای سانسۆر بوو بە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی، تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت بۆ ماوەی دوو مانگ هیچ ڕۆژنامەیەک لە ئێران دەرنەچوو، ئەم ڕووداوە لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٤٢ ڕوویدا و هەموو ڕۆژنامەکانی وڵات بۆ ماوەی چل و سێ ڕۆژ داخران و بەشێکی زۆری بەرپرسی ڕۆژنامەکانی تارانیش دەستگیرکران و بۆ ماوەی چل ڕۆژ زیندانی کران، حکومەت بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بە سەرپەرشتی حەسەن قولی خان مستەعان بڵاوکردەوە، کە هەواڵی گرنگی ئێران و جیهانی تێیدا بوو (آزادبخت، ١٣٩٤: ٢٠)، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە دا پاش نەمانی دەسەڵاتی پەهلەویی یەکەم و دروستبوونی دۆخێکی سیاسیی تا ڕادەیەک ئازاد، بوو بە هۆی دەستپێکردنی ئازادییەک، کە هەرچەند سنوردار بوو، بەڵام تا کۆتایی حکومەتی موسەدیق بەردەوام بوو، ناوەڕۆکی ڕۆژنامەگەری لەناکاو گۆڕا و ئەو کەشوهەوای ستایش و چەپڵەلێدان، کە زاڵبوو بەسەریاندا نەما، ڕەخنەگرتن لە حکومەتی ڕابردوو و ئێستا جێگەی گرتەوە، لە چەپی ڕادیکاڵەوە بۆ ڕاستی توندڕەو و لە دەزگا ڕۆژنامەوانییە واقیعییەکانەوە بۆ بڵاوکەرەوەی قازانجخواز پەرەیان سەند (بدون اسم مولف، ١٣٧٩: ٣- ١١).

پرسێکی نوێ کە لەم ماوەیەدا سەریهەڵدا، پرسی وەرگرتنی ئیمتیازاتی بڵاوکراوە بوو لەلایەن ژنانەوە، لەم ماوەیە دا (١٢٤)سەد و بیست و چوار بڵاوکراوە لەلایەن ژنانەوە مافی بڵاوکردنەوەیان وەرگرت(قربانی و علم، ١٣٩٤: ٦)، بەڵام تەنها ئەوانە مافی کارکردنیان پێدەدرا، کە بە توندی لایەنگری حکومەت بوونایە و ستایشی شا و شاژنیان بکردایە (ساناساریان، ١٣٨٤: ١٢٦)، لە نموونەی ئەو بڵاوکراوانەش وەک پێشتر باسکران، گۆڤاری ژنی سەردەم(زن روز)، گۆڤاری زانیاری ژنان(اطلاعات بانوان) و بڵاوکراوەی زمانی ژنان(زبان زنان) ...هتد بوون (شفیعی و حسینی فر، ١٣٩٧: ٩).

لە پاڵ گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا، گرنگیی بە گۆڤاری تایبەت بە منداڵانیش درا، لە نموونەی ئەو گۆڤارانەش وەک گۆڤاری زانیاری هەفتانە(اطلاعات هفتگی)، لە ژمارەی ٣٢ی ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١، لە لاپەڕەیەکدا بە

ناونیشانی (منداڵان ئەم لاپەڕەیە بۆ ئێوەیە)، کۆمەڵێک بابەتی تایبەت بە منداڵان وەک چیرۆک، نوکتە، پێشبڕکێ و کاریکاتۆری بڵاوکردەوە، یان گۆڤاری بەرەوپێشچوون (ترق)، کە تایبەت بوو بە نەوجەوانان چیرۆک گەلێکی بڵاودەکردەوە کە بێ کاریگەر نەبوو لەسەر منداڵان و نەوجەوانان، بوو بە هۆی ئەوەی سەرنجیان بۆ خوێندنەوە ڕابکێشێت(احمدی، ١٣٧٧: ٩٦)، هەندێک گۆڤاری دیکەش هەبوون بە زمانی ئینگلیزیی بڵاودەکرایەوە، زیاتر بۆ بانگەشەکردن بوو بۆ دۆخی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوریی و کولتووریی بەریتانیا، لە نموونەی ئەوانەش وەک گۆڤاری شەیپور(شیپور) و منداڵانی ساوا(نونهالان) (احمدی و دیگران، ١٤٠٠: ٦٠).

لەم ماوەیەدا بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی ڕۆژنامەوانی ئاسانتر بوو، بەڵام داخستن زیاتر بوو، چونکە کابینەی نوێ کە دەهاتە سەر دەسەڵات دژایەتی سیاسەتەکانی کابینەی پێشووی دەکرد و زۆربەی ڕۆژنامە داخراوەکانیش بە ناوێکی نوێ، بەڵام بە هەمان شێوازی پێشوو دەستیان بە کارەکانیان دەکردەوە و دروستبوون و فراوانبوونی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی چاپەمەنی، زیادبوونی کەرەستەی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن، گۆڕانکارییەکی دیکە بوو، کە لەم ماوەیەدا لە چاپەمەنیدا ڕوویدا، دامەزراندنی(یەکێتی ڕۆژنامەوانی) لە ساڵی ١٩٤١، (ئاژانسی هەواڵی پارس) لە ساڵی ١٩٤٤ و (کۆمەڵەی ڕۆژنامەگەریی ئێران) لە ساڵی ١٩٤٦ نموونەی ئەمە بوون (قربانی و علم، ١٣٩٤: ٥).

لە ٣ی ئازاری ١٩٤٩یش لە دانیشتنی پەرلەماندا یاسایەکی نوێ لە بارەی سانسۆری ڕۆژنامەکانەوە دەرکرا، کە تێیدا هاتووە: "هەرکاتێک ڕۆژنامەیەک یان هەر بڵاوکراوەیەکی تر سوکایەتی بە شا یان ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە(باوک، دایک، شاژن، منداڵ، برا و خوشکی شا) یان ئاینی ئیسلام و بنەما و حوکمەکانی و پێگەی پیرۆزی پێغەمبەران و ئیمامەکان بکات، یان خەڵک هانبدات بۆ ڕاپەڕین و مامەڵەکردن دژی حکومەتی نیشتمانیی و بۆ دروستکردنی گەندەڵی و ئاژاوە بۆ ئەو مەبەستە، پۆلیس پابەندە دەستبەجێ دەست بەسەر ئەو بڵاوکراوانەدا بگرێت و تاوانبارەکە دەستگیر بکات و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دۆسیەکەی بنێرێت بۆ داواکاری گشتیی و داواکاری گشتیش دەستبەجێ دەینێرێت بۆ دادگای پەیوەندیدار" (مذاکرات مجلس شورای ملی، ١٢ اسفند ١٣٢٧: ٤٠٠١- ٤٠٠٣).

لە پاش کودەتای ٢٠ی ئابی ١٩٥٣، یەکەم هەنگاوی حکومەتی سەربازیی داخستنی چاپەمەنی بوو لە سەرتاسەری وڵاتدا، سانسۆر، وردبینی و سەرکوتکردن، کە ماوەیەک بوو لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەوانیدا نەمابوو، دیسان لە ڕابردوو خراپتربوو هەر لەگەڵ چاپکردنی بابەت یان ڕاپۆرتێک لەسەر سیاسەتەکانی حکومەت ڕاستەوخۆ فەرمانیان دەدا، کە دەستی بەسەردا بگیرێت، چونکە لەو ماوەیە دا ڕۆژنامەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەشبووبوون، بەشێکیان لایەنگری سۆڤیەت بوون و بەشەکەی دیکەشیان لایەنگری بەریتانیا بوون، نەوەی ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی فیکری دوای کودەتا بەرەو نەمان چوو، چاپەمەنی بە هەوراز و نشێوی بێشومار دا تێپەڕی (آزادبخت، ١٣٩٤: ٢٧- ٢٨؛ بدون اسم مولف، (أ) ١٣٨٤: ١٧)، جگە لە ستایشی بێ کۆتایی دەسەڵاتی پاشایەتی و پابەندبوونی کوێرانە بە ڕۆژئاوا لە میدیاکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا نەدەبینرا (ابراهامیان، ١٣٨٩: ٥٥؛ بدون اسم مولف، (ب) ١٣٨٤: ٣٢)، لە بەرامبەردا ڕۆژنامەنووسانی سەر بە جەماوەر یان پاشەکشەیان کرد بۆ گۆشەگیری و بێدەنگ بوون، یان ڕووبەڕووی گۆڕەپانی ئەشکەنجە و هەڕەشە بوونەوە، ڕۆژنامەگەری نیشتمانیی و سەربەخۆیان بۆ ڕۆژنامەکانی سەر بە دەوڵەت بەجێهێشت و نەوەیەک لە چاپەمەنی بێ ناو و نازناو هاتنە ناو گۆڕەپانەکەوە، کە ئامانجیان خستنەڕووی مۆدێلی کولتووریی ڕۆژئاوایی و بەرەوپێشبردنی ڕۆژئاوایبوون و ناسیۆنالیزمی توندڕەو بوو (علیی، ١٣٧٤: ٥٦).

لە سەردەمی سەرۆکایەتی ساواک لەلایەن تەیمور بەختیار لە (١٩٥٦-١٩٦١)، سانسۆر و کۆنترۆڵکردنی چاپەمەنی بە توندی و چڕی بەردەوام بوو، پێشتر بەختیار وەک سەرۆکی پارێزگاری سەربازیی تاران ئەزموونێکی بەرفراوانی لە سانسۆر و چاودێریی بڵاوکراوەکاندا بەدەستهێنابوو، بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی پایتەخت زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران کەوتنە بەر هەڕەشەی ساواک و خودی تەیمور بەختیار، پاش بەختیاریش بەهۆی جوڵانەوەی پیاوانی ئایینی لە سەرەتای شەستەکان بە مەبەستی سەرکوتکردنی پیاوانی ئایینی هەڵوێستی ساواک لە بەرامبەر سانسۆرکردنی ڕۆژنامەکان توندتر بوو(شاهدی، ١٣٩٠: ٦٢- ٦٤). هەربۆیە حکومەتی پەهلەویی دووەم لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە حکومییەکانەوە وەک پەروەردە، ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن توانی سیاسەتی خۆی بەسەر کۆمەڵگە دا بسەپێنێت و شوناسێکی نوێی پێ ببەخشێت.

## ئەنجام

توێژەران لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا، بە چەند ئەنجام و ڕاستییەک گەیشتوون، کە لێرەدا دەخرێنەڕوو:

یەکەم: گەشەسەندنی پەروەردە و فێرکردن وەک میحوەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیی پەروردە و فێرکردن لەسەردەمی پەهلەویی دووەمدا، وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیی ناسێندرا، حکومەت بە دامەزراندنی خوێندنگا و زانکۆی نوێ هەوڵی مۆدێرنکردنی سیستمی پەروەردە و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگای دا، ئەم پێشهاتانە بوو بە هۆی کەمبوونەوەی نەخوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری گشتیی، ئەمەش لە بەرامبەردا هۆشیاری کۆمەڵایەتیی و کولتووریی لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا زیاتر کرد.

دووەم: ململانێی نێوان مۆدێرنیتە و نەریتی کولتووریی لەم قۆناغەدا، بوو بە گۆڕەپانی شەڕی نێوان نەخشە کولتوورییە نەریتییەکان و مۆدێرنیتە، پیاوانی حکومەت بە بەرەوپێشبردنی کولتووریی ڕۆژئاوا و پشتگوێخستنی بەها نەریتییەکان، بەرخۆدانیان لەلایەن بەشێک لە کۆمەڵگاوە وروژاند، ئەم ململانێیە بووە هۆی دروستبوونی گرژی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و دواجار بوو بە هۆی دروستبوونی ناسنامەی فرە چەشن لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

سێیەم: چاپەمەنی و ڕاگەیاندن لە سەردەمی پەهلەویی دووەمدا، وەک ئاسانکاری گوتاری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ڕۆڵیان گێڕاوە، هەرچەند حکومەت بە سەپاندنی سانسۆر و سنووردارکردن هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆکی میدیایی دا، بەڵام بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکان بە ڕەنگدانەوەی فرەچەشنی بۆچوونەکان، دۆخێکیان بۆ ڕەخنە و پشکنینی پرسە کۆمەڵایەتییەکان ڕەخساند، ئەمەش ڕێگەی بە گەنجان و ڕۆشنبیران دا کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیروڕاکانیان دەربڕن و کاریگەر بن لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییدا.

چوارەم: حکومەتی پەهلەویی دووەم هەوڵیدا بە پێشخستنی پەروەردە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژنان، ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بەهێزتر بکەن، ئەم پێشهاتانە بوو بە هۆی زیادبوونی هۆشیاری ژنان و بەرکەوتنیان بە ڕێبازە نوێیەکانی ڕاپەڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەمەش ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی و بەرخۆدانی بەشێک لە کۆمەڵگا بووەوە.

## پەراوێزەکان:

سینەمای باو(فیلمی فارسیی) ئاماژەیە بۆ جۆری سینەما، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٧٨ بەرهەمهێنراوە؛ بەرهەمە سینەماییەکانی ئەم بوارە تێکەڵەیەک لە میلۆدراما و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانە، کە تێیدا ململانێی نێوان چاکە و خراپە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ململانێی چینایەتی (دەوڵەمەند و هەژار)، ململانێ کۆمەڵایەتییەکان (شار و گوند)ە و هتد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (رحمانی و قهی، ١٤٠١: ١٦٣٦ ).

## سەرچاوەکان


١. سازمان اسناد و کتابخانه ملی، سند شماره ٨٩- ٤٥٤٢٢- ٢٩٧.
٢. ساکما، آما، ش.س. ٦٠٧٤/ ٣٤٠: ٣- ١.
٣. کتابخانه، موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی، گزارش دولتی، ش.ثبت ١٧٤٤٢(جزوه ضمیمه به گزارش سالانه رئیس هیئت مدیره کاخ جوانان به هفتمین مجمع عمومی ١٣٥٢ش. مجلس،) و بررسی فرهنگی – اجتماعی کاخ های جوانان، تهران، شورای عالی فرهنگ و هنر.
٤. مرکز اسناد و کتابخانه مجلس شورای اسلامی، گزارش دولتی، ( کارنامه فعالیت های: اداره آموزش و پرورش استان اصفهان، ششم بهمن ١٣٥١، دهه انقلاب شاه و مردم.
٥. مجموعه قوانین موضوعه و مسائل مصوبه دوره سیزدهم قانونگذاری، اول آذرماه ١٣٢٠- ٣٠ آذر ماه ١٣٢٢، چاپخانه مجلس.
٦. مذاکرات مجلس شورای ملی، ١٢ اسفند ١٣٢٧، نشست ١٤٩.
٧. وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، ١٣٧٩، اسنادی از تاریخچه رادیو در ایران ١٣١٨- ١٣٤٥، معاونت خدمات مدیریت و اطلاع رسانی دفتر رئیس جمهور.
٨. ابراهامیان، یرواند( ١٣٨٩)، ایران بین دو انقلاب، ت. گل محەمەدی، احمد و فتاحی، محەمەد ابراهیم، چ. ١١، تهران: نشر نی.
٩. آتابای، ابوالفضل( ١٣٨١)، ٢٥ سال در کنار شاه: خاطرات "اردشیر زاهدی": داماد محەمەدرضا شاه، وزیر اسبق امور خارجه، آخرین سفیر کبیر ایران در آمریکا، ب.چ، تهران: عطائی.
١٠. آلتوسر، لویی ( ١٣٨٦)، ایدئولوژی و ساز و برگ‌های ایدئولوژیک دولت، ت. صدرآرا، روزبه، چ.١، تهران: چشمه.
١١. آوری، پیتر( ١٣٧١)، تاریخ معاصر ایران: از کودتا ٢٨ مرداد ١٣٣٢ تا اصلاحات ارضی، ت. آبادی، محەمەد رفیعی مهر، ج. ٣، چ. ٢، تهران: موسسه مطبوعاتی عطائی.
١٢. بدون اسم مولف( ١٣٤٢)، اطلاعاتی درباره شورای فرهنگی سلطنتی ایران، چ.١، تهران: نشریه و دبیرخانه شورای فرهنگی سلطنتی ایران.
١٣. بدون اسم مولف( ١٣٤٢)، سالنامه دانشگاه تبریز سال تحصیلی ١٣٤١- ١٣٤٢، ب.چ، تبریز: انتشارات دانشگاه تبریز.
١٤. بدون اسم مولف( ١٣٧٩)، مطبوعات عصر پهلوی به روایت اسناد ساواک: مجله تهران منصور، چ.١، تهران: وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی.
١٥. بدون اسم مولف( ١٣٨٤)، مطبوعات عصر پهلوی به روایت اسناد ساواک: روزنامه فرمان، چ.١، تهران: وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی.
١٦. بدون اسم مولف( ١٣٨٤)، مطبوعات عصر پهلوی به روایت اسناد ساواک: روزنامه فردوسی، چ.١، تهران: وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی.
١٧. بدون اسم مولف( ب.س)، تاریخچه فرهنگ ایران در کشور عراق از سال ١٢٥٨ تا ١٣٤٥ خورشیدی، ب.چ، ب.م.
١٨. برخوردار، ایرج( ١٣٨٧)، موسیقی رادیو و نقش مدیریت: بررسی موسیقی رادیو پیش از انقلاب اسلامی ایران، چ.١، تهران: طرح آینده.
١٩. بهاروند، سکندر امان اللهی( ١٣٦٠)، کوچ نشینی در ایران پژوهشی درباره عشایر و ایلات، ب.چ، تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب.
٢٠. بیگی، محەمەد بهمن(١٣٧٩)، به اجاقت قسم (خاطرات آموزشی)، چ. ٢، شیراز: انتشارات نوید شیراز.
٢١. پهلوی، محەمەد رضا شا( ١٣٤٦)، انقلاب سفید، چ. ٢، تهران: باشگاه ادبیات.
٢٢. حکیم الهی، نصرت الله( ١٣٤٦)، عصر پهلوی و تحولات ایران، ب.چ، تهران: سهامی چاپ و انتشارات کتب ایران.
٢٣. زمانی نیا، مصطفی( ١٣٦٣)، فرهنگ سینمای ایران شش گفتار در پیرامون سینما، چ.١، تهران: کتاب آدینه.
٢٤. ساناساریان، الیز( ١٣٨٤)، جنبش حقوق زنان در ایران طغیان، افول و سرکوب از ١٢٨٠ تا انقلاب ٥٧، ت. خراسانی، نوشین احمدی، چ.١، تهران: اختران.
٢٥. سنجابی، کریم( ب.س)، امیدها و ناامیدی ها، ب.چ، ب.م.
٢٦. سهرابی، علی( ١٣٨٧)، آموزش و پرورش در عشایر ایران، چ.١، شیراز، نوید.
٢٧. سولیوان، ویلیام و آنتونی پارسونز( ١٣٧٣)، خاطرات دو سفیر، ت. طلوعی، محمود، ب. چ. تهران: علم.
٢٨. شعاری نژاد، علی اکبر( ١٣٨٣)، فلسفه آموزش و پرورش، چ.٧، تهران: امیر کبیر.
٢٩. شورای عالی فرهنگ و هنر مرکز مطالعات و هماهنگی فرهنگی( ١٣٥٥)، بررسی فرهنگی و اجتماعی کاخهای جوانان تهران، ب.چ، تهران: چاپ زر.
٣٠. شورای نویسندگان( ١٣٨٥)، مطبوعات عصر پهلوی به روایت اسناد ساواک: روزنامه مرد مبارز، چ.١، تهران: وزارت اطلاعات مرکز بررسی اسناد تاریخی.
٣١. صدیق، عیسی( ١٣٣٨)، تاریخ فرهنگ ایران از آغاز تا زمان حاضر، چ.٢، تهران: انتشارت دانشگاه تهران.
٣٢. صدیق، عیسی( ١٣٥٥)، دوره مختصر تاریخ فرهنگ ایران، چ.١٦، تهران: شرکت سهامی.
٣٣. علینی، محسن( ١٣٧٤)، " تاریخ: مطبوعات ایران، از کودتا تا انقلاب (بررسی دوران پر تلاطم ١٣٣٢ تا ١٣٥٧)"، رسانه بهار، ش. ٢١.
٣٤. کسری، نیلوفر( ١٣٧٩)، زنان ذی نفوذ در خاندان پهلوی، ب.چ، تهران: نشر نامک.
٣٥. مختاری اصفهانی، رضا( ١٣٨٨)، تاریخ تحولات اجتماعی رادیو در ایران، ب.چ، تهران: اداره کل پژوهشهای رادیو.
٣٦. مینوی، مجتبی( ١٣٦٩)، تاریخ و فرهنگ، چ.٣، تهران: گلشن.
٣٧. همایون، ناصر تکمیل( ١٣٨٥)، آموزش و پرورش در ایران، چ.١، تهران: چاپ نیل.
٣٨. هویدا، فریدون( ١٣٧٠)، سقوط شاه، ت. مهران، ح. ا، چ. ٤، تهران: انتشارات اطلاعات.
٣٩. یغمایی، امیر( ١٤٠٢)، فیلم تجربی نگاهی تاریخی؛ از آغاز سینما تا ١٣٥٧، ب.چ، تهران: نشر بوم.

٤٠. آزادبخت، فرزانه( ١٣٩٤)، تحلیل مصوبات فرهنگی مجلس شورای ملی در دوره پهلوی دوم، پایان نامه ارشد، دانشگاه اراک، دانشکده ادبیات و علوم انسانی.
٤١. خانیان، فاطمه زهرا (١٣٩٥)، سیاست فرهنگی حکومت محەمەد رضا شاه در آموزش و پرورش (دهه‌های ١٣٤٠- ١٣٥٠هـ ش.): فعالیت های فوق برنامه مدارس، پایان نامه ارشد، دانشکده ادبیات، زبان ها و تاریخ، گروه تاریخ، دانشگاه الزهرا.
٤٢. احمدی، مجتبی سلطانی و دیگران( ١٤٠٠)، "وابستگی سیاسی، اقتصادی و فرهنگی پهلوی دوم به انگلیس"، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، سال بیست و دوم، ش. ٨٦.
٤٣. احمدی، محمود طاهری( ١٣٧٧)، "مطبوعات کودکان و نوجوانان (١٢٩٩- ١٣٥٧)"، گنجینه اسناد فصلنامه تحقیقات تاریخی، ش. پیاپی ٢٩ و ٣٠.

٤٤. اسفند آبادی، خدیجه کارگر( ١٣٩٦)، "زنان و توسعه مدارس (عصر مشروطه تا سقوط پهلوی دوم)"، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال سیزدهم، ش. ٣٩.
٤٥. اسماعیلی، حمید رضا( ١٣٨٨)، "فرهنگ سیاسی هیآت حاکم در دوره پهلوی دوم"، فصلنامه مطالعات تاریخی، سال ٦، ش. ٢٦.
٤٦. اشراقی، مجتبی و خاکرند، شکرالله( ١٣٩٦)، "بررسی نقش و جایگاه سینمای ایران در سیر تحولات فرهنگی و سیاسی منتهی به انقلاب اسلامی ایران در دوره پهلوی دوم"، فصلنامه علمی- پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال چهاردهم، ش. ٥١.
٤٧. اعظمی، زهرا( ١٤٠٠)، "روند شکل گیری سینما و فضای نمایش فیلم در ایران (١٣٠٠- ١٣٥٦)"، مطالعات جامع در مدیریت شهری، نشریه علمی، سال دوم، ش. ٨.
٤٨. اکبری، محمه‌دعلی و پورقنبر، محمه‌دحسن( ١٣٩٦)، "تأثیر برنامه نوسازی حکومت پهلوی دوم بر کارکرد اقتصادی خانواده در مناطق شهری ایران (دهه‌های چهل و پنجاه شمسی)"، پژوهش نامه تاریخ اجتماعی و اقتصادی پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال ششم، ش. ١.
٤٩. ایزدی، رجب و ایناللو، مرتضی حیدرپور( ١٣٩٤)، "بررسی پیامدهای برنامه‌های پنجگانه توسعه اقتصادی دوره پهلوی اول و دوم و نقش آن در شکل گیری انقلاب اسلامی ایران"، دو فصلنامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه، سال چهارم، ش. ٢.
٥٠. بختیاری، سمیه( ١٤٠١)، "تبلیغات در صنعت جهانگردی در دوره پهلوی دوم (١٣٢٠- ١٣٥٧)"، گنجینه اسناد، سال سی و دوم، ش. پیاپی ١٢٥.
٥١. بخشایش، جواد کامور( ١٣٨٦)، کاخ جوانان؛ از تأسیس تا انحلال، فصلنامه مطالعات تاریخی، ش. ١٨.
٥٢. بدون اسم مولف( ١٣٤٠)، "هنر، خانواده و کتاب!"، اطلاعات بانوان، ش. ٢١٧.
٥٣. بیگدلو، رضا و شهیدانی، شهاب( ١٣٩٦)، "تحلیل نوسازی نظام آموزشی ایران در دهه چهل و اوایل دهه پنجاه (با تأکید بر کنفرانس انقلاب آموزشی رامسر)"، فصلنامه علمی – پژوهشی تاریخ ایران، دوره ١٠، پیاپی ٢٣، ش. ٣.
٥٤. ثواقب، جهانبخش و دیگران( ١٤٠٠)، "آموزش و آشتغال زنان و تأثیر آن در رفتارهای واکنشی در جامعه عصر پهلوی دوم (١٣٣٢- ١٣٥٧ ش)"، پژوهش نامه تاریخ اجتماعی و اقتصادی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال دهم، ش. ١.
٥٥. جاجرمی، حسین ایمانی و خدایی، ابراهیم ( ١٣٩٧)، "طرحهای پیوند اجتماعات محلی روستایی با نظام رسمی آموزش و پرورش در دوره پهلوی"، تحقیقات تاریخ اجتماعی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال هشتم، ش. ١.
٥٦. جاجرمی، حسین ایمانی، خدایی، ابراهیم( ١٣٩٧)، "طرحهای پیوند اجتماعات محلی روستایی با نظام رسمی آموزش و پرورش در دوره‌ی پهلوی"، تحقیقات تاریخ اجتماعی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی دوفصلنامه علمی. پژوهشی، سال هشتم، ش. ١.
٥٧. جاودانی، حمید و سید رضا، عطیه( ١٤٠٠)، "سیاستگذاری آموزشی و آموزش عالی در بستر سیاست های عمومی: از اواخر دوره قاجار تا پایان دوره پهلوی"، راهبرد فرهنگ، ش. ٥٦.
٥٨. جهانیان، رمضان( ١٣٩١)، "بررسی و تحلیل سیاست های توسعه‌ای آموزش و پرورش ایران در دوره معاصر "، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، ش. ١٩.
٥٩. خاکرند، شکرالله و صبوری مند، فهیمه( ١٣٩٣)، "نقش رادیو در دوره پهلوی"، فصلنامه پارسه، ش. ٢٢.
٦٠. رحمانی، نجیبه و قهی، حسن بلخاری( ١٤٠١)، "پژوهشی در میدانهای سینمایی دوره پهلوی دوم با تکیه بر نظریه‌ی تمایز پی یر بوردیو"، ماهنامه علمی (مقاله علمی_ پژوهشی) جامعه شناسی سیاسی ایران، سال پنجم، ش. ٨.
٦١. رخ، فاطمه شکیب و زندیه، حسن( ١٤٠٠)، "سیر تحول اندیشه معترضان به حجاب از عصر ناصری تا پهلوی دوم (١٢٢٧- ١٣٢٠ ش)"، فصلنامه علمی پژوهشنامه تاریخ اسلام، سال یازدهم، ش. ٤٤.
٦٢. رستمی، حسن و دیگران( ١٤٠١)، "بررسی روش های آموزشی در تعلیمات عشایر"، فصلنامه نوآوری آموزشی، سال بیست و یکم، ش. ٨٤.
٦٣. رسولی پور، مرتضی( ١٣٩٤)، "اقدامی عجولانه در تخته قاپوکردن عشایر گفت وگو با محمه‌د بهمن بیگی"، موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران- فصلنامه تخصصی تاریخ معاصر ایران، سال نوزدهم، ش. ٧٣و ٧٤.
٦٤. رضوی، کمال و دیگران( ١٣٩٩)، "روند تاریخی مواجهه نهاد روحانیت با تغییر جایگاه اجتماعی زنان در عصر پهلوی دوم"، تاریخ ایران، دوره ١٣، ش. ٢.
٦٥. رکعی، سید سیاوش موسوی ( ١٤٠٠)، "بررسی رابطه‌ی فرهنگ سیاسی و تکوین آموزش و پرورش در ایران و اروپا"، فصلنامه دانش نامه علوم سیاسی، سال دوم، ش. ٣.
٦٦. روحبخش، رحیم( ١٣٩٢)، "شورایی به قدمت ١١٠ سال"، رشد آموزش تاریخ، دوره ١٥، ش. ١.
٦٧. زائری، قاسم و نژاد، فاطمه یوسفی( ١٣٩٨)، "بررسی چگونگی تجدید نظر در قانون کشف حجاب در مقطع ١٣٢٠- ١٣٢٢ با تکیه بر مقاومت های فردی و نهادی"، زن در توسعه و سیاست، دوره ١٧، ش. ٢.
٦٨. سمیعی، فاطمه و زندیه، حسن( ١٤٠٢)، "گفتمان مسلط بر نظام آموزشی زنان در کتابهای درسی دبیرستانی (١٣٢٠ ١٣٤٥)"، زن در فرهنگ و هنر، سال پانزدهم، ش. ٢
٦٩. سنگتراشان، علی رضا و دیگران، ١٣٩٩، "علل، روند و پیامدهای تأسیس دانشسراهای عشایری در دههٔ ١٣٣٠ش"، فصلنامه علمی پژوهشنامه تاریخ، سال پانزدهم، ش. ٦١.
٧٠. شاهدی، مظفر(١٣٩٠)، "سانسور مطبوعات در دوره پهلوی دوم: یک گزارش اجمالی (١٣٣٢- ١٣٥٧)"، تاریخ معاصر ایران فصلنامه تخصصی تاریخ معاصر ایران، ش. ٦٠.
٧١. شفیعی، سمیه سادات و حسینی فر، سیده زهرا( ١٣٩٧)، "نقش های اجتماعی مرجح زنان در آغاز پهلوی دوم؛ کاوشی جامعه شناختی در ماهنامه زبان زنان"، فصلنامه علوم اجتماعی، سال بیست و هفتم، ش. ٨٢.
٧٢. شهیدانی، شهاب و رستمی، پروین( ١٣٩٨)، " بازتاب اعتراضهای اجتماعی در فیلمهای دهه ١٣٥٠ (مطالعه موردی: اسرار گنج دره جنی، تنگسیر، سفر سنگ)"، جامعه شناسی تاریخی، دوره ١١، ش. ٢.
٧٣. علویان، مرتضی و رستمی، ملیحه نیکروش( ١٤٠٠)، "گذری بر هویت ملی در عصر پهلوی دوم ١٣٢٠- ١٣٥٧؛ سیاست ها و ابزارها"، دو فصلنامه جستارهای انقلاب اسلامی، سال سوم، ش. ٥.
٧٤. قربانی، کبری بیرگانی و علم، محمه‌درضا( ١٣٩٤)، "بررسی اوضاع مطبوعات ایران پس از سقوط رضاشاه تا کودتای ٢٨ مرداد ١٣٣٢"، فصلنامه جندی شاپور- دانشگاه شهید چمران اهواز، سال یکم، ش. ٤.
٧٥. کاشی، شیما و شریعتی، سارا( ١٤٠٠)، "واعظان شاخص دوره پهلوی دوم و مسئله عدالت اجتماعی"، فصلنامه انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارتباطات، دوره ١٧، ش. ٦٥.
٧٦. کرانی، پوران مردانی و دیگران( ١٤٠١)، "بررسی عملکرد و چالشهای سپاه دانش در استان چهارمحال و بختیاری"، ماهنامه علمی (مقاله علمی_ پژوهشی) جامعه شناسی سیاسی ایران، سال پنجم، ش. ٨.
٧٧. گلوجه، سجاد راعی و رحمانیان، داریوش( ١٣٩٦)، "سیاست و آموزش در دوره پهلوی دوم؛ موردی بررسی علل، چگونگی و فرایند تغییر مباحث و مصوبات شورای عالی فرهنگ: ١٣٢٠- ١٣٣٢"، فصلنامه علمی- پژوهشی تاریخ اسلام و ایران دانشگاه الزهراء سال بیست و هفتم، ش. ٣٥.
٧٨. مریدی، محمه‌د رضا و تقی زادگان، معصومه( ١٣٩١)، "گفتمان های هنری ملی در ایران"، فصلنامه انجمن مطالعات فرهنگی و ارتباط، سال هشتم، ش. ٢٩.
٧٩. مقدم، امین نواختی و اصل، حامد انوریان( ١٣٨٨)، "مبانی ایدئولوژیک سیاست های فرهنگی رژیم پهلوی"، فصلنامه علمی- پژوهشی مطالعات انقلاب اسلامی، سال ششم، ش. ١٩.
٨٠. منشادی، مرتضی و زادگان، بهروز اسماعیل( ١٣٩٨)، "نهادهای ایدئولوژیک و استمرار حکومت پهلوی دوم ١٣٢٠ تا ١٣٥٧"، فصلنامه دولت پژوهی، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، سال پنجم، ش. ٢٠.
٨١. منصوری، طیبه( ١٣٨٨)، "سپاه دانش در اسناد مجلس"، پیام بهارستان، دوره ٢، ش. ٦.
٨٢. موسی پور، نعمت الله( ١٣٨٧)، "برنامه ریزی درسی در ایران معاصر"، تعلیم و تربیت، سال بیست و چهارم، ش. ٤.

٨٣. نباتي، امير حسين ( ١٤٠١)، "توسعه و سقوط حكومت پهلوی دوم؛ بررسی برنامه پنجم توسعه اقتصادی با تکیه بر اسناد"، نشریه علمی تحقیقات اسنادی انقلاب اسلامی، سال چهارم، ش. ٨.

٨٤. نبوی، ابراهیم( ١٣٧٧)، "گام های نخست؛ موافقان و مخالفان (ضرورت بازنگری به تاریخ سینمای ایران)"، نقد سینما، ش. ١٤.

٨٥. هریس، آزاده علی پور و دادور، ابوالقاسم( ١٣٩٤)، "زمینه‌های اجتماعی و فرهنگی موثر بر فعالیت های زنان نقاش دوران پهلوی (١٣٠٤- ١٣٥٧ ش)"، زن در فرهنگ و هنر، دوره ٧، ش. ٢.

٨٦. يوسفی فر، شهرام، و موسوی، سیده فهیمه( ١٣٩٤)، "چگونگی بازنمایی شخصیت آموزگاران روستا در داستان های نویسندگان شهری و روستایی دوره پهلوی دوم (١٣٤٠-١٣٥٧)"، مطالعات تاریخ فرهنگی، پژوهشنامه انجمن ایرانی تاریخ، سال هفتم، ش. ٢٥.

٨٧. اله آباد، رحيم روح بخش و زارع حسينی، سیده فاطمه( ١٤٠٣)، "نقش فعاليت هاي سپاه دانش در گسترش آموزش و توسعه عمران روستاها"، فصلنامه تاريخ روستا و روستانشيني در ايران و اسلام، ش. ١.

٨٨. اطلاعات، ٢٦ شهريور١٣٢٣، ش. ٥٥٦٧.

٨٩. اطلاعات، ٨آبان ١٣٤٥، ش. ١٢١١٩.

٩٠. بدون اسم مولف، ٤ ژوئن ١٩٦٩، بودجه آموزشی کشور، روزنامه پارس.

٩١. بدون اسم مولف، ١٤٠١، نظریه های روانشناسی کمونیستی لویی آلتوسر، ٢٠٢٥/٦/١٤، https://shorturl.at/8W5DD

٩٢. بدون اسم مولف، ١٤٠٣، مروری بر زندگی و فعالیت‌های حبیب ثابت پاسال، ٢٠٢٥/٦/١٤، https://shorturl.at/Oonvm

93. فیلم اسرار گنج دره جنی، ٢٠٢٥/٣/٨، شوکا فیلم، ٢٠٢٥/٢/٢١، https://rb.gy/nw6nb5

٩٤. فیلم: تأسیس کاخ جوانان و ترویج فرهنگ غرب، ٢٠٢٥/٣/٤، ١٥ خرداد ٤٢، ٢٤ آبان ١٤٠٢، https://shorturl.at/PGovO

**٩٥.** فیلمی آرامش در حضور دیگران، ٢٠٢٥/٣/٨، فیلم فارسی، ٢٠٢٤/١٠/٢٣، https://shorturl.at/2W5oy


## پەراوێزەکان:

1. لویس ئالتۆسەر (١٩١٨- ١٩٩٠): کۆمەڵناس و فەیلەسوفێکی مارکسیستی فەرەنسی بوو، یەکێک بوو لە کەسایەتییە ئەکادیمییە باڵاکانی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی و تیۆرییەکانی، تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامی ئەو مەترسییانە بوون(وەک مارکسیزمی مرۆڤدۆستی قوتابخانەی فرانکفۆرت)، کە پێی وابوو هەڕەشە لە بناغە تیۆرییەکانی مارکسیزم دەکات، ناوبراو دامەزراوە و دەزگاکانی دەوڵەتی دابەشکردووە بەسەر دەزگا دەوڵەتییە ئایدیۆلۆژییەکان و دەزگا دەوڵەتییە سەرکوتکەرەکاندا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (بدون اسم مولف، ١٤٠١، نظریه های روانشناسی کمونیستی لویی آلتوسر، ٢٠٢٥/٦/١٤، https://shorturl.at/8W5DD ).
2. بەهمەن بێگی (١٩٢١- ٢٠١٠): لە هۆزی قەشقایی لە ناوچەیەکی نێوان شارەکانی خۆنج و فیرۆکارزین لە پارێزگای فارس لەدایکبووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری یاسا لە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە، پاشان دەستی بە کارکردن لەسەر دامەزراندنی خوێندنگای کۆچەریی بۆ منداڵانی خێڵەکی کرد، بە هاوکاری و پشتیوانی حکومەتی ئەو سەردەمە توانی کچانی کۆچەری بۆ خوێندنگا کۆچەرییەکان ڕابکێشێت و یەکەم ناوەندی ڕاهێنانی مامۆستای کۆچەری دابمەزرێنێت و لە چەندین کتێبدا لە شێوەی چیرۆک دەربارەی ئەزموونە پەروەردەییەکانی خۆی نووسیوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (سنگتراشان، علی رضا و دیگران، ١٣٩٩، "علل، روند و پیامدهای تأسیس دانشسراهای عشایری در دههٔ ١٣٣٠ش"، فصلنامه علمی پژوهشنامه تاریخ، سال پانزدهم، ش. ٦١، ص. ١١٢).
3. حەبیبوڵڵا سابت (١٩٠٣- ١٩٩٠): حەبیبوڵڵا سابت بازرگانێکی ئێرانی بوو، لە سەردەمی شانشینی پەهلەویدا ئەندامی کۆمەڵگەی بەهایی ئێران بووە. ئەو بە هێنانی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن و نوێنەرایەتیکردنی کۆمپانیا بیانییەکان و دامەزراندنی چەندین کارگە، بەشدارییەکی گەورەی لە مۆدێرنیزاسیۆن و پیشەسازیکردنی ئێراندا کرد و دامەزرێنەری یەکەمین ڕێکخراوی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نەتەوەیی ئێران بووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (بدون اسم مولف، ١٤٠٣، مروری بر زندگی و فعالیت‌های حبیب ثابت پاسال، ٢٠٢٥/٦/١٤، https://shorturl.at/Oonvm).

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-07

# Educational, cultural and media institutions during the Pahlavi II period (An extract from PhD thesis )

**Snawber sardar star[1], Hardi Mahdi mika[2]**

1- History, Education, University of Garmian, PhD student at Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq
2- History, humanities, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

**Article Info**

| Received | **May, 2025** |
|---|---|
| Accepted | **June, 2025** |
| Published: | **July, 2025** |

**Keywords**

Pahlavi II, Education, Culture, Media

**Corresponding Author**

hardi.mika@univsul.edu.iq
snawber.sardar@garmian.edu.krd

**Abstract :**

Between 1963 and 1979, during the second Pahlavi era, Iran underwent significant changes in field of education, culture, and media as part of a broader modernization project. The government implemented major educational reforms, particularly at the primary and secondary levels, expanding access to schooling. Curricula were revised to reflect Western models, especially in major cities, and girls were allowed to attend school alongside boys. In line with industrial development goals, the government built new schools and expanded universities. It also supported the arts and culture, aiming to foster a sense of national identity through state-sponsored cultural and national festivals. Cinema, theater, and music experienced relative flourishing, with artists enjoying more public exposure for their work. The media landscape also witnessed substantial change, with new newspapers and publications emerging. However, strict regulations were enforced to control content. While the press addressed some social and political issues, censorship and the suppression of critical voices remained prominent features of the period. Overall, despite notable progress in education and cultural development, political and social restrictions continued to limit individual freedoms.